# بارزانی و تورکیا نەرمی نواندن لە ڕەفتارو پێداگیری لە هەڵوێست وەرگرتندا

**وتەکانی بارزانی لە کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێدان گوزارشت بوون لە مانای سیاسی و دەلالاتی قوڵی مێژوویی، هەر وەك دادگایی کردنێکی گشتگیرانەی مێژوویی سیاسەت و ئیدیۆلۆژیای هەژموونگەریی تورکیای سەدەیەك لە زەمەن بوو، ئەو وتانە لە پێش کۆنگرەی حزبێکی باڵادەست، لە بەردەمی نوێنەرانی هەموو حزبە تورکیی و ناسیۆنالیستەکان و ئیسلامیەکانی تورك، لەبەردەم ڕاگەیاندنی تورکیی و جیهانیی، دواتر لەبەردەم مێژووی سیاسی تورکیا، بارزانی دەوەستێت و بە زمانی دایك، بە کوردییەکی شیرینی واوە کە پێشتر لە ناو تورکیا هەرچی بەو زمانە بدوایە لەناو دەبرا.**



د. سەربەست نەبی

خۆبەگەورە زانینی دەوڵەتی تورکیی لەسەر چەندیـــن وەهمی ئیدیۆلـــۆژی بناغەی بۆ داڕێژراوە، لەوانە: بڕوا بە خۆهێنانێك کە بە درێژایی نزیکەی سەدەیەك بەرجەستەبۆتەوە لەوەی گوایە تورك نەتەوەیەکە جمکەی خۆرە، هەر بە کردارەکیش دەزگا ئیدیۆلۆژییەکانی دەوڵـــەت ئـــەم قەناعەتەیـــان لای هەموان چەســـپاندبوو بەوەی گوایـــە نەتەوەی تورك دێرینترین نەتەوەیە لەسەرزەمین، لەبەرئەوەی هەر لەگەڵ لەدایـــك بوونی خۆردا ئەمیش هاتۆتە سەر شانۆی مێژوو، هەروەها زمانی تورکی پێشـــەنگی ئـــەو زمانانـــە بووە کە مرۆڤایەتی قسەیان پێکردووە، بۆیە نە لەناو دەچێت و نە دەبێتە نەخشـــێکی بەسەرچوو، مادامەکـــی خۆر هەڵبێت و بە دەوری زەویدا بسوڕێتەوە، تورك نەتەوەیەکی چەسپاوە وەك چەســـپاوێتی خۆر، ئەرکـــی نەتەوەکانی تر ئەوەیە بـــە دەوری ئەمدا بســـوڕێنەوە تا بە ڕۆشـــناییەکەی بەر پێیان ڕوونـــاك بێتەوە، چونکە لـــە بنەچەدا ڕووناکایـــی لەمانەوە کەوتۆتەوە، ئەم چەمکە ناسیۆنالیســـتیە لە چەند دروشـــمێکدا چڕ دەکرێنەوەو لە زەیندا تۆماردەکرێن و لە هەموو شوێنێك دەوترێنەوە وەك(تورکیا تەنیاو تەنیا بۆ تورکەکانە)و(تۆ چەند بەختـــەوەری لەبەرئەوەی کە تورکی) و(جگە لە تورك لەسەر ئەم زەوییە شوێنێکی تر بۆ کەسی تر نییە). تاد کەلتووری سیاسیی تورکان ڕیکلامسازی بۆ ئەو بیرۆکەیە دەکات بەوەی گوایە تورك مەزنترین نەتەوەی ســـەر شانۆی مێژووەو قەدەری زەمانە هەڵیبژاردووە تا ببێتە سەروەری نەتەوەکانی تر و هەموان لە سایەیدا بەختەوەر بن..

تا ئێســـتاش دەســـتووری تورکیا تژییە بەم دروشمە میتافیزیکیانەی کە دیاریکراون بۆ پایە بڵندێتی ڕەگەزی تـــورك لە مێژوودا، وەك (نیشـــتمانی تورکانی نەمر)و( دەوڵەتی پیرۆزی تورك)و ( نەتەوەی مەزنی تورکی). ئەم تێگەیشـــتنە ناسیۆنالیستیەی تورك بۆ خودی خۆی هاوسەمتە بە پێویستییە سیاسی و ئیدیۆلۆژییەکانـــی کە جەخـــت دەکەنەوە لەسەر حەقیقەتێکی دروستکراوی مێژوویی لە بەرانبەر واقیعـــی فرەیی نەتەوەکانی تر، لە ساتەوەختی گفتوگۆکردن لەسەر دەستوور لە ســـاڵی ١٩٦١ جەمال غۆرسیلی سەرۆك وەزیران دانـــی بەوەدا نـــاوەو دەڵێت: تورکیا پێویســـتە یەکگرتوو بێت تەنیـــا بۆ تورکان، ئەگەر دەســـبەرداری ئەم قەناعەتە بین، لە پاش بەنجا ســـاڵی تر تاقە یـــەك تورك لە تورکیادا نامێنێتەوە..

لەم شـــێوە وەهمە ئیدیۆلۆژییـــەو زۆرانی تر

دینگەو بەهێزكاری هۆشیاری نەتەوەیی توركیی بوون، بەهانەی مانەوەو بەردەوامێتی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی بوون، كە پشت بەستووە بە دابی كۆن و ڕەفتاری چەوساندنەوەو ڕەتكردنەوەی ئەوی بەرانبەر، عیسمەت ئینینۆی سەرۆك وەزیران لە سییەكانی سەدەی پێشوودا لە كاتی دامركانەوەی ڕاپەڕینەكەی ئیحسان نووری پاشا وتی) نەتەوەی توركیا بە تەنیا مافی ئەوەی هەیە لەم وڵاتەدا بژیێ و مافە نەتەوەییەكانی خۆی داوا بكات) لەم بارەیەوە محەمەد عیزەت كە یەكێك بووە لە وەزیرەكانی ئەوێ سەردەم وتبووی (ئەم وڵاتە نیشتمانی توركانە هەر كەسێك توركیی ڕەسەن نەبێت، تەنیا ئەك مافی لەم وڵاتەدا پێ ڕەوا دەدیترێت، ئەویش مافی بە كۆیلەیی ژیان بردنە سەرە..

مێژووی توركیا مێژووی چەسپاندنی هەژموونگەرای یەك ڕەگەزیی و دەسەڵات سەپاندنی یەك ڕەگەزە بەسەر مێژووی ڕاستەقینە و واقیعی مۆزائیكی كەلتووری و فرە نەتەوەیی كە لە ماوەی دوو هەزار ساڵی پێشوودا درێژەی هەبووە، ئەمەش ئەو هاجسە بنەوایبە بووە كە هەموو سیاسەتمەدارانی توركیایی پێوە سەرقاڵ بوون، ئەمە بووەتە نەخۆشییەكی سامناك بە جەستەی سیاسەت و ئیدیۆلۆژیای توركییەوە لكاوە، ئەمەش لە ئاكامی ئەو چەپاندنە مێژووییە كەوتۆتەوە كە ناسیۆنالیستەكانی تورك لە سەرەتاكانی دامەزراندنی دەوڵەتی توركیەوە دژ بە نەتەوەكانی تر دروستیان كردووە، بە تایبەت ئەو نەتەوانەی كە لە چوارچێوەی میراتەكانی پیاوە نەخۆشەكە ژمێردرابوون بە تایبەتی كوردو ئەرمەنەكان..

ئەم باری پڕ لە ترس و فۆبیا بەردەوام و درێژخایەنەی ناخی سیاسەتی دەوڵەتی توركیی تەنیوەتەوە لە بەرانبەر گۆڕانكارییەكانی كە هەرەشەبوون بۆ مانەوەی نەتەوەی تورك وەك سیاسەتمەدارانی تورك لەو وەهمەدا پێی دەژیێن.

بەم شێوەیە ئیدیۆلۆژی فەرمی دەوڵەتی توركی تووشی گرژبوونی دەماریی بوو بوو لە فكردا، تا ئەردۆگان پراگماتیانە هاتەوە هۆش خۆی و بینی ئەم گرژبوونە ئەگەر بەردەوام بێت چ سوودێك بە ڕۆحی سەردەم و لۆژیك ناگەیەنێت، سیاسەتمەدارانی تورك بەو گرژییانەوە خۆیان دەخانە بەردەم دژایەتیكردنی مێژوو و واقیعێكەوە كە ناچاریان دەكات ململانێ لەگەڵ ڕۆحی سەردەم بكەن ئەگەر بێت و بەردەوام خۆیان بەو زەینیەتە ئیدیۆلۆژیەوە هەڵبواسن كە وایان لێ دەكات ئیعتیراف بە بەرانبەر نەكەن و پێكەوەژیان ڕەتبكەنەوە لەگەڵ ئەوی تردا، یان بە سووك تەماشای چارەنووسی ئەوانی تر بكەن لە پێگەی ڕەهاو بە هەژموونی خۆیانەوە، چونكە ئەمە پێی دەوترێت ئیدیۆلۆژی ڕەگەزپەرستی و فەندەمینتالی و پەرگیری و چەوسانەوەی ئەوانی تر كە مەعریفەو حیكمەت لە هێزدا چڕ دەكاتەوەو ویستی زاتیی نامەعقول دەخاتە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی مێژوویەوە..

بەڵام ئەردۆگانی پراگماتی و بوێر دركی بەو ڕاستییە كرد كە توركیا پێویستی بە پاژداینێكی گەورەیە بۆ ئەوەی لەو خودە داخراوەی كە لە مێژوودا تێی كەوتووە بێتە دەرەوە، پازێك بەسەر ئەو بەربەستانەی كە بۆ

**وتەكانی سەرۆك مسعود بارزانی لە كۆنگرەی حزبیی دەسەڵاتداری توركیادا جێی بایەخپێدانێكی بێ پێشینە بوو، نموونەیەك بوو بۆ تێپەڕینێكی مێژوویی كە پێشتر نموونەی نەبووە لە سیاسەت و ئیدیۆلۆژیا هەژموونخوازەكەی سەدەیەك لە زەماندا**

خۆی دانا بوون، ئەویش بەوەی دەوڵەتەكە تەنیا بۆ ڕەگەزی تورك فەراهەم نەبێت بەڵكو بۆ هەمووان بێت، ئەم پازە لە یەك كاتدا دەبێتە مردن و ئازادبوونی توركیاش بە كورتیەكەی بە تەنیا نابێتە دەوڵەتێكی قەومی توركیایی و بەس..

وتەكانی سەرۆك مسعود بارزانی لە كۆنگرەی پارتی دەسەڵاتداری توركیادا جێی بایەخپێدانێكی بێ پێشینە بوو، نموونەیەك بوو بۆ تێپەڕینێكی مێژوویی كە پێشتر نموونەی نەبووە لە سیاسەت و ئیدیۆلۆژیا هەژموونخوازەكەی سەدەیەك لە زەماندا، تا ئەو ڕادەیەی ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوە لەو كۆبوونەوەیەی كە لە ڕۆژی دووشەممەی ٢٠١٢/١٠/١ لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی سازیدا ناوەرۆكی وتەكانی بەرێزیانی بە سەنەدێكی گرنگ ناساند بۆ نەخشەی ڕێگایەك كە پێویستە حزبی دادو گەشەپێدان پێڕەوی بكات بۆ چارەسەركردنی گرفتە ناوخۆییەكانی توركیاو بە تایبەتیش دۆزی كورد.

وەسفكردنی بارزانی لە لایەن ئەدۆگانەوە چ بە( سەرۆكی هەرێمی كوردستان) یان ( سەرۆكی دەسەڵاتی ناوخۆیی باكووری عیراق)هیچ شتێك لەو وەرچەرخانە مێژووییە گرنگە ناگۆڕێت كە لە لۆژیكی سیاسەتی توركیا ڕوویدا بە تایبەتی لە مەسەلەی لالێكردنەوەی دەوڵەتی توركیا بۆ كێشەی كورد چ لە ناوخۆی توركیا یان لە دەرەوەیدا. هەر كەسێك لەم شتە خۆی لە گێلی بدات كەسێكە نایەوێت ئەو واقیعە گۆڕدراوە ببینێت و كەسێكە دیلی وەهمە زاتیەكانی خۆیەتی و بەس.

وتەكانی بارزانی گوزارشت بوون لە مانای سیاسی و دەلالاتی قوڵی مێژوویی، هەر وەك دادگایی كردنێكی گشتگیرانەی مێژوویی سیاسەت و ئیدیۆلۆژیای هەژموونگەریی توركیای سەدەیەك لە زەمەن بوو، ئەو وتانە لە پێش كۆنگرەی حزبێكی باڵادەست، لە بەردەمی نوێنەرانی هەموو حزبە توركیی و ناسیۆنالیستەكان و ئیسلامیەكانی تورك، لەبەردەم ڕاگەیاندنی توركیی و جیهانیی، دواتر لەبەردەم مێژووی سیاسی توركیا، بارزانی دەوەستێت و بە زمانی دایك، بە كوردییەكی شیرینی واوە كە پێشتر لە ناو توركیا هەرچی بەو زمانە بدوایە لەناو دەبرا، بەو زمانە كوردییەوە بە هەمووان دەڵێت:هیچ هێزێك ناتوانێت دژایەتی ئارەزووی مرۆڤ بكات بۆ ئازادی و یەكسانی، ئەوەتا ئێوە دركتان بەوە كردووە سەد ساڵی بەكارهێنانی سیاسەتی ئاسن و ئاگر بۆ سەركوتانەوەو ڕەتكردنی ئەوی تر شكستی خوارد، لێرەوە پێویستە ئاشتی شوێنی توندوتیژی بگرێتەوە لە ڕێگەی لۆژیكی دیالۆگ و پێكەوە ژیان و ئیعترافكردنی بەیەكتری، ئەگەر ئەمەتان ویست ئێمە هاوبەشی ڕاستەقینەتان دەبین، دروستكردنی ئاشتی پێویستی بە پیاوی ڕاستەقینەو ئازای زیاترە لەوەی جەنگ پێویستی پێ بێت، سەرۆك بارزانی بەزمانێكی دیبلۆماسی باوی لەسەرخۆ قسەی دەكرد بەڵام هاوكات لە ناخەوە یەكلاكەرەوەو پێداگیر، كە لە ژێر زاریدا (پشكۆی دۆزی كورد لە هەموو كوردستان) هەبوو وەك یەكێك لە چاودێران بەو شێوەیە وەسفیان كرد.

رۆژنامەنووس
عەنبەرین زەمان بۆ گوڵان:

# گرنگترین لایەنی کۆنگرەکەی AKP بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەو وتارە بوو کە مسعود بارزانی بەکوردی پێشکەشی کرد





عەنبەرین زەمان یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی جیهان و لە تورکیا دادەنیشێت، ئێستا ستوون نووسی ڕۆژنامەی خەبەرتورک (Haberturk) هەروەها پەیامنێری گۆڤاری ئیکۆنومیستی بەریتانیا لە ئەستەنبولە، پێشتریش بۆ ڕۆژنامەکانی دیلی تلگراف و واشنتۆن پۆست و لۆس ئەنجلوس تایمز و هەواڵەکانی تورکیا و عێراق و ئازربایجان و ئەرمینیای ڕووماڵکردووە، خاتوو عەنبەرین یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە تایبەتمەندە لەسەر پرسی کورد و بایەخێکی زۆری پێدەدا، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ناوچەکە و چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا بەتایبەتی کە لەسەروبەندی کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان زۆر بایەخی پێدەدرا، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ خاتوو عەنبەرین زەمان سازکرد، کە ئەمە دەقی ئاخاوتنەکەیە.

*** هەفتەی ڕابردوو سوریا سنووری بەزاند و خاکی تورکیای بۆردومانکرد و پێنج هاووڵاتی تورکیای کوشت و ئەمریکا و ناتۆ پشتیوانیان لە تورکیا کرد و پەرلەمانی تورکیاش هەڕەشەی ئەوەی کرد کە لە کاتی دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوەدا کاردانەوەیان دەبێت و شەڕ لە دژی سوریا بەرپا دەکەن و تورکیاش وەڵامی ئەم کارەی دایەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم ڕووداوە دەبێتە بیانویەك بۆ دەستێوەردان لە سوریا؟**

- خاڵی یەکەم سەرەتا ئێمە دڵنیانین لەوەی ئەو گوللە هاوەنەی لە ئاکچەکەلێ لە ئۆرفە کەوتە خوارەوە و پێنج هاووڵاتی تورکیای کوشت لەلایەن سوپای ڕژێمی سوریاوە هاوێژرابێت، هێشتا ئەمە یەکلانەبۆتەوە. خاڵی دووەم ئەگەر بە ڕاستیش سەرچاوەی ئەو هێرشە سوپای ڕژێمی سوریا بێت، لەوانەیە ئەمە بە ڕێککەوت بووبێت و بە ئەنقەست نەبووبێت. کەواتە تاوەکو وردەکاری ڕووداوەکە ئاشکرا نەبێت، من پێموانییە ناتۆ و یان ئەمریکا لەبری تورکیا دەستێوەردان لە سوریا بکەن، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا مەحاڵە بتوانین بڵێین تورکیا بە ئەنقەست لەلایەن ڕژێمی سوریاوە کراوەتە ئامانج، لەبەر ئەوەی ڕژێمی سوریا ڕایگەیاندووە کە ئەوە بە ئەنقەست نەبووە و تەنیا ڕووداوێك بووە و دووبارە نابێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم لێدوانە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە سەرچاوەکەی سوپای سوریا بووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سوریا پێیوایە ئەمە هێرشێکی ڕاستەوخۆ و هێرشێکی و مەبەستدار نەبووە بۆ سەر تورکیا. هەروەها ناتۆ یان ئەمریکا ئامادەیی خۆیان پیشان نەداوە بۆ دەستێوەردان لەو ناکۆکیەی لە سوریادا هەیە. واتە باوەڕم وانییە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە هەڵوێستەکان گۆڕابێتن و بە دڵنیاییەوە پێموانییە لە هیچ کاتێکدا حکومەتی سوریا هێرش بکاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی ناتۆ بێت و بەرگری لە تورکیا بکات، بەڵام من پێشبینی ئەوە دەکەم - بە دڵنیاییەوە- موعارەزە هەوڵی ئەوە بدات ڕووداوێکی لەم چەشنە دروست بکات- کەوا دەرکەوێت هێرشەکە لەسوریاوە کراوە- بۆ ئەوەی تورکیا و ناتۆ و ئەمریکا ڕابکێشێتە شەڕەوە لەگەڵ سوریا. لەبەر ئەوە پێویستە تورکیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا دوا ڕادده وریا و چاوەکراوە و بە حەزەر بن لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ سوریا. لە لایەکی دیکە و هەر سەبارەت دەستێوەردانی تورکیا لە سوریا، دەمەوێت هەندێ شت ئیزافە بکەم، یەکەم: خەڵکی تورکیا بە توندی بەرهەڵستی دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا دەکەن، سیاسەتی تورکیا لە ئاست کێشەی سوریادا بێ پشتیوانی جەماوەریە و خەڵکی زۆر نارەحەتن بە پشتیوانی حکومەتی تورکیا بۆ موعارەزەی چەکداری لە ناو سوریادا.

> **پێموانیە لە هیچ کاتێکدا حکومەتی سوریا هێرش بکاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی ناتۆ بێت و بەرگری لە تورکیا بکات**

*** AKP وەك ئەوەی حزبی حاکمە لە تورکیا، کۆنگرەکەی جێگەی بایەخی هەموو ناوچەکە بوو، لەم کۆنگرەیەدا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ئاماژەی بە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی تورکیا کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە تورکیا ئامادەیە بە شێوەیەکی گونجاو و دیموکراتیانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات، ئایا تاچەند مەزندە دەکرێت ئاك پارتی دوای ئەم کۆنگرەیە هەنگاوی گرنگ بۆ چارەسەر کێشەی کورد هەڵبگرێت؟**

- لە ناو ئەو کۆنگرەیەدا نامیلکەیەکیان دابەشکرد کە وردەکاری ئەو چاکسازیانەی تێدابوو، لە نێویاندا چاکسازی پەیوەست بە کێشەی کوردەوە، بۆ نموونە ئەوەی تێدا هاتبوو

کە لــە مەودوا زمانی کــوردی لە فەرمانگە حکومیەکانــدا بەکاردەهێنرێــت و لــە کاتی دادگاییکردندا شــایەتی بە کوردی بدەن و بە زمانــی کوردی بەرگری لە خۆیان بکەن، واتە پێدەچێت کۆت و بەندەکانی ســەر بەکارهێنانی زمانی کوردی کەم بکرێتەوە، ئەمە هەنگاوێکی ئیجابیە، بەڵام ئایا ئەمە بەســە؟ لە ڕاســتیدا زۆربەی کوردەکانی تورکیا وەڵامەکەیان نەخێرە، بەڵکو تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی بەردەم پارتی داد و گەشەپێدان لە دەستبەرکردنی مافەکانی کورددا، ئەو دەســتوورەیە کــە دادەڕێژرێتەوە- لەبەر ئەوەی حاڵی حازر تورکیا لە پرۆســەی نووســینەوەی هەموارکردنــی دەســتووری ١٩٨٢دایە کە کە لەلایەن ڕژێمی ســەربازییەوە نووســرایەوە، کە ئەو کاتە لە دەســەڵاتدا بوو-، لەبەر ئەوە زۆربەی کــوردەکان پێیانوایە ئەگەر مافەکان لە دەســتووردا دەستەبەر نەکرێن ئەوا ئەو چاکســازییانە قورساییەکی زۆریان نابێت، چونکە ئەگــەر لەڕووی دەســتووریەوە زامن نەکرێن، ئەوا هەر حکومەتێکی نوێ دەسەڵات بگرێتەدەست دەتوانێت ئەو چاکسازیانە پێچەوانە بکاتەوە، کەواتە دەستوور کلیلە، دووەم دەتوانین

**به دڵنیاییەوە ئەوەی بارزانی دەیڵێت لەبارەی کورد بە گشتی و لەبارەی کوردی تورکیا بە تایبەتی گرنگی خۆی هەیە**

بڵێین پارتی داد و گەشــەپێدان مەسافەیەکی زۆر بڕیوە بۆ چارەســەرکردنی کێشەی کورد، زۆرتــر لە هەر پارتێکــی پێش خۆی، ئەمەش لەو ڕاســتیەدا ڕوونە کــە گفتوگۆیان لەگەڵ پەکەکە و لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلاندا کردووە لەو دورگەیەی لێی زیندانیکراوە، هەروەها بەم دواییە ســەرۆك وەزیران ڕایگەیاند کــە بیر لە دووبارە ئەنجامدانــەوەی ئەو گفتوگۆیانە دەکاتەوە، کە پێموایە ئەمەش لێدوانێکی زۆر گرنگە و لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی وڵاتەکەوە پێشوازی لێکرا کە خوازیاری ئاشــتین، لەبەر ئەوەی ئاشــتی پێویســتیەکی بە پەلەیە و هەروەها چاکسازیش بە تەنیا کێشەکە چارەسەر ناکات، لەبەر ئەوەی پێویســتت بە دانیشــتن هەیە لەگەڵ پەکەکە، هەروەها ئەوەی حکومەت لە ڕابردوودا کردی، بۆ ئەوەی پەکەکە بە چەکدانان و ڕاگرتنی شەڕ ڕازی بێت، ئەمە شتێکی سەرەکیە.

*** ڕۆژنامەکانی تورکیــا باس لەوە دەکەن کە AKP ئامادەیە بۆ چارەســەری ئاشــتیانە دیالــۆگ لەگەڵ عەبدوڵــلا ئۆجەلان بکات، ئەگەر دیالــۆگ لەگەڵ ئۆجــەلان بکرێت، تاچەند مەزندە دەکرێت، PKK واز لە خەباتی چەکداری بێنێت و شــێوازی ئاشتیانە بگرێتە بەر؟**

- پەکەکە چەند مەرجێکــی هەیە، هەندێکیان ماقوڵن و هەندێکیشــان زەحمەتە ڕای گشتی تورکیــا قبوڵــی بکات، بــەڵام کاتێــك ئەم گفتوگۆیانــە دەکرێت ئەوا هەردوولا ســەقفی داواکاریــان زۆر بەرزدەکەنەوە، بەڵام ئامانجەکە ئەوەیە بگەنە زەمینەیەکی هاوبەش و من نازانم بۆچی ناکرێت بگەنــە زەمینەیەکی هاوبەش. هەروەها کاتێك باســی پەکەکــە دەکەین ئەوا هەموو هەر یەك هەڵوێســت نین، لەبەر ئەوەی هەندێ کەس لە ناو پەکەکەدا مەیلی ئاشــتیان هەیە و هەندێکیشیان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئاشــتیدا نین و هەوڵی لەناوبردنی پرۆســەی ئاشتی دەدەن، هەروەك پێشــتر کردیان. ئەوەی پێویســتە بوونی ئیرادەیەکی سیاســی بەهێزە، بە تایبەتی لەلایــەن حکومەتەوە بۆ ئەوەی لە هەوڵدانیدا بۆ هێنانەدی ئاشتی سەرقاڵ نەکرێت بە شــتی دیکەوە، یان وێنەی ناشرین نەکرێت، تەنانــەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشــە تیرۆریستیەکاندا، لەبەر ئەوەی کاتێك منداڵ و ژن و خەڵکی مەدەنی دەکوژرێن، ئەوا ئاشکرایە دەتوانیــن بەو کارانە بڵێین کاری تیرۆریســتی و حکومەتــی تورکیش نابێــت ملکەچی بۆ بکات، واتە لە کاتی پێداگیریدا لەسەر ئاشتی ملکەچی بۆ ئیستفزازکردنی ئەو کەسانە نەکات کە دژی ئاشتین.

*** ئێســتا پێوەنــدی نێــوان پارتــی BDP لەگــەڵ AKP لەو پــەڕی توندیدایە و باس لەوە دەکرێت کە تورکیا حەســانەی پەرلەمانی لە پەرلەمانتارانی BDP بســێنێتەوە، پرسیار ئەوەیــە ئایا کاتێك ئەردۆگان مەبەســتی بێت کێشــەی کورد چارەســەر بــکات، ئایا چۆن دەبێت پێوەندییەکانی لەگەڵ BDP ئاســایی نەکاتەوە؟**

- ئەمە پرســیارێکی باشــە، لەبەر ئەوەی زۆر کەس پێیانوایە ســەرۆك وەزیران زۆر بایەخ بەوە دەدات کــە وەك ســەرۆك هەڵبژێردرێت کاتێك هەڵبژاردنی ســەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠١٤دا ئەنجام دەدرێت، و کێشەی کورد چارەسەر بکات. هەروەها ئەو دەیەوێت لە ڕێی هەڕەشــەکردنەوە بە ســەندنەوەی حەسانە لە ئەندامانی بەدەپە و گرتنەبەری خیتابێکی توند لە ئاســت کێشەی کورددا، هەوڵی کێشکردنی دەنگی ناسیۆنالیستە تورکەکان بدات. پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە ئایا بەڕێــز ئەردۆغان ئامانجەکانی ســەرۆکایەتی




دەخاتــەلاوە لە پێنــاو بردنەوەی ئاشــتی لە تورکیا، کە پێویستە ئەمە ئامانجی باڵای ئەو بێت، لەبەر ئەوەی بە ڕاســتی کێشــەی کورد گەورەترین تەحەددیــە کە ڕووبەڕووی وڵاتەکە بۆتەوە و هۆکاری سەرەکیشە بۆ ئەوەی تا ئێستا ئێمە دیموکراسیەکی تەواو گەشەکردومان نییە و یەکێکە لە بەربەستە سەرەکیەکان کە لە ڕووی ئابووریــەوە لە ناوچە کوردیەکەدا ســەرکەوتوو نەبــووە و زیاتــر و زیاتر دەبێت ســەرچاوەی گرفت بۆ تورکیا و بــۆ پێوەندیەکانی لەگەڵ دراوســێکانیدا، لەگەڵ ئێران و بــە دڵنیاییەوە سوریا و هەروەها عێراقیش، کەواتە کێشەی کورد کاریگەری هەیە بەســەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی تورکیاوە، بەسەر ئابووریەکەیەوە، بەسەر دۆخــی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراســی و سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەوە.

*** بەڕێــز ئــەردۆگان دەیەوێــت خــۆی بۆ ســەرۆکایەتی کۆمار ئامادەبــکات و ماوەی دوو خولی دیکە کە دەکاتە ســاڵ ١٠ سەرۆکی تورکیا بێــت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەردۆگان دەیەوێت هەتا ســاڵی ٢٠٢٣ لە دەسەڵاتدا بێت و تورکیا بکاتە سوپەر پاوەرێکی ئیقلیمی، ئایا ئەگەر ئەردۆگان ببێتە سەرۆکی تورکیا، تاچەند تورکیا بەرەو ئەو ئاواتە هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

**تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی بەردەم پارتی داد و گەشەپێدان لە دەستبەرکردنی مافەکانی کورددا، ئەو دەستوورەیە کە دادەڕێژرێتەوە**




- پێموانییە تەنیا بوونی ئەرۆدغان بە سەرۆکی وڵاتەکە، بە زەرورەت دەبێتەهۆی ئەوەی تورکیا ببێتە سوپەر پاوەر لە ناوچەکەدا، مەسەلەکە ئەوەیە ئایا چ جۆرە سەرۆکێك دەبێت، ئایا دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی لە دەستووردا دەکرێن، یاخود ئەو گۆڕانکاریانەی کاریان بۆ دەکات بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی سەرۆك، یاخود سەرۆکێکی چەشنی ئێستامان دەبێت، کە زیاتر لە کەسایەتیەکی سەرەکی و زیاتر وەك ناوبژیوانێکی -نێوان لایەنەکان- نەك سەرۆکێکی کە دەسەڵاتی جێبەجێکاری ڕاستەقینەی هەبێت. لەبەر ئەوە ناتوانین مەزندەی ئەوە بکەین چ تورکیایەکمان دەبێت لە سایەی سەرۆکایەتی ئەردۆغاندا، بەڵام ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەوەیە ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت ئەوا زەحمەتە تورکیا ببێتە هێزێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی هەمیشە خاڵی لاوازی دەبێت، کە ئێستا ئێمە دەبینین لە سوریادا ڕژێمەکەی ئەسەد کێشەی کوردی تورکیا ئیستیغلال دەکات بە زیادکردنی ئاستی توندتیژیەکان لە تورکیادا، دەکرێت هەمان شت لەبارەی ئێرانەوە بووترێت، کەواتە تاوەکو تورکیا ئاشتی لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا نەکات، ئەوا هەمیشە ئەگەری ئەوەیە بەم شێوەیە لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە کێشەی بۆ دروست بکرێت، هەروەها تاوەکو ئاشتی لە وڵاتەکەیدا نەبێت، ئەوا زەحمەتە تورکیا ڕۆڵێکی سەرکردایەتی درێژخایەن لە شوێنەکانی دیکە ببینێت.

*** بەشداریکردنی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی وتارێك بە کوردی لە کۆنگرەی AKP وەك حزبی حاکم لە تورکیا ڕووداوێکی بێ وێنەیە لە مێژووی تورکیادا، ئایا ئامادەبوونی مسعود بارزانی لەو کۆنگرەیە و پیشاندانی هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا تاچەند دەبێتە قۆناخێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا؟**

- ئەو ڕاستیەی کە بەڕێزیان ئامادەی کۆنگرەکە بوون و بە کوردی وتاریاندا، ئەمە ڕووداوێکی زۆر دیار و گرنگ بوو، ئەوەی پیشاندا کە تورکیا چەند بەرەوپێشچووە لە زاڵبوونیدا بەسەر ئەو ترس و سڵەمینەوەی هەیبوو لە ئاست کوردستانی عێراقدا و نیشانەیەکی ڕوون بوو لەسەر گەشەکردنی پەیوەندیەکی ستراتیژی لە نێوان کۆماری تورکیا و کوردستانی عێراق، کەواتە ئەمە ڕووداوێکی لە ڕادەبەر گرنگ بوو و من موجازەفەی ئەوە دەکەم کە بڵێم ئەمە گرنگترین لایەنی کۆنگرەکە بوو لە پەیوەندیدا بەوەی کە باس لە تورکیا کرا بە شێوەیەکی گشتی. لە پەیوەندیدا بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە، بەڕێز بارزانی هاوکار بووە و فاکتەرێك بووە لەم ڕووەوە و مەحاڵە بۆ ئەو کە هاوکار نەبێت، لەبەر نزیکی جوگرافی، چونکە تورکیا سنووری هەیە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا، هەروەها پەکەکە بنکەی لە کوردستانی عێراقدا هەیە، لەبەر ئەوەی وەك سەرکردەیەکی کوردی دیار لە ئاست جیهاندا، بە دڵنیاییەوە ئەوەی بارزانی دەیڵێت لەبارەی کورد بە گشتی و لەبارەی کوردی تورکیا بە تایبەتی گرنگی خۆی هەیە. کەواتە ئەو ڕاستیەی کە پەیوەندیەکانی نێوانمان بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەوپێشچووە و هەروەها ئەو پەیوەندیە ئابووریە گەشەکردووەی هەمانە، کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر کوردەکانی تورکیا، لە ڕاستیدا زۆربەیان لەڕووی ئابوورییەوە قازانج دەکەن بەهۆی ئەم بازرگانیەوە، کە هەلی کار لە عێراق دەدۆزنەوە و کار لەگەڵ کوردستانی عێراقدا دەکەن، هەموو ئەمانە گرنگن و ئێمەش دەزانین کە بەڕێز بارزانی لە ڕابردودا و بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا هەوڵ و کۆششی سەختی کردووە کە ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینێت، بۆ نموونە لە نێوان تورکیا و موراد قەرەیلاندا.

**تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی بەردەم پارتی داد و گەشەپێدان لە دەستبەرکردنی مافەکانی کورددا، ئەو دەستوورەیە کە دادەڕێژرێتەوە**

*** هاوپەیمانێتی نێوان وڵاتانی کەنداو و تورکیا لەلایەك و هاوپەیمانی نێوان ئێران و سوریا و حزبوڵڵا لەلایەکی دیکەوە کە عێراقیش لەوە نێوەندەدایە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەبێتەهۆی گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە؟**

- نەمانی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بەو مانایە نایەت کە ئیتر ئاشتی و سەقامگیری لە سوریادا دێتەدی.... لە ڕاستیدا نیگەرانیەکی زۆر هەیە کە سوریا بخزێتە شەڕێکی ناوخۆیی حزبی و ئیتنی و تائیفیەوە بە چەشنی ئەوەی لە ڕابردودا لوبنان پێیدا تێپەڕی، کە بۆی هەیە تەواوی ناوچەکە دووچاری ناسەقامگیری بکات. هێشتا زووە پێشبینی ئەوە بکەین کە ڕۆیشتنی ئەسەد دەبێتەهۆی زیانێکی گەورە بۆ ئێران-هەروەك زۆر کەس پێشبینی دەکەن- یاخود بۆ حزبوڵڵا، یاخو چیتر ناتوانن بە ئاسانی لە ناو سوریا یان شوێنەکانی دیکەدا چالاکیەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

# بارودۆخی ئێستا لە پێوەندیدا بە کورد و عێراق و ناوچەکەوە

**((حاڵی حازر هەرێمی کوردستان هەموو تواناو سەرچاوەیەکی هەیە کە پێویستە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ: سەرۆکی خۆی هەیە، سەرۆک وەزیران و پەرلەمان و ئاڵا و سروودی نیشتیمانی خۆی هەیە. خاوەنی سوپای خۆیەتی کە تەنانەت توانیویەتی ڕێگری لە سوپای بەغدا بکات لەوەی بێتە هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها خاوەنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و سیستمی پەروەردەیی خۆیەتی، کە تەنانەت کەسانێکی کەمێک ئەو ئەرکە دەخەنەبەر خۆیان بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بن، هەروەها تەنانەت مۆری خۆی لە پەساپۆرتی ئەو کەسانە دەدات کە سەردانی هەرێمەکە دەکەن))**

لە نێوەندی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەهاری عەرەب بەسەر چەند وڵاتێکدا هێنای، لە نێویاندا میسر، تونس و لیبیا، ڕاگەیاندن و سیاسەتی جیهانی تا ڕاددەیەکی گەورە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی فەرامۆشکرد کە دەکرێت پێی بووترێت بەهاری کوردی: کە لە داواکاری بەدیهێنانی دیموکراسیەتی ڕاستەقینەی هاوشان بە مافە کەلتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانداو جێبەجێکردنی دەستبەجێیاندا خۆی نواند.

هەرچۆنێك بێت، پێش ئەوەی ڕوومالّی ئەم کەشە نوێیە بکەین، دەکرێت سەرنج لەو ڕاستیە بدەین کە ڤێرژنی کوردی بۆ بەهاری عەرەب لە ساڵی ٢٠١١دا دەستی پێنەکرد، بەڵکو بە شێوەیەك لە شێوەکان چەند دەیەیەکە بەردەوامە: لە تورکیادا (بەلای کەمەوە ساڵی ١٩٨٤دا ڕاگەیاندراوە)، هەروەها لە عێراقدا بەهاری کوردی لە ڕۆژگاری مەلا مستەفا بارزانیدا دەستی پێکرد لە سەرەتاکانی شەستەکاندا، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی تایبەتی لە دوای دوو جەنگەکەی ئەمەریکا لە دژی سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٩١ و ساڵی ٢٠٠٣دا.

ئەم دوو جەنگە بوونەهۆی دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراقدا، کە بە سەرکەوتووترین هەوڵ دادەنرێت لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا کە لە پێناو بەدەستهێنانی دەوڵەتدا درابێت. بە ئاستێکی کەمتر لە ئێرانیشدا بەهاری کوردی بەردەوام بووە، کە هەندێك جار کپ بۆتەوەو هەندێ جاریش سەریهەڵداوەتەوە، کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا بە ناوبانگترین نموونەیە لەم ڕووەوە، ئەگەرچی جێی داخە کە کوردەکانی ئێران دابەش بوونە بۆ چەند پارتێکی ناکۆك بە یەك، بەڵام نارەزایی بەردەوام و تەنانەت خەباتی چەکداری لەلایەن پارتی ژیانەوەی ئازادی کوردستان، کە مۆڵگەیان لە چیاکانی قەندیلە - کە دەکەوێتە سەر سنووری ئێران- لە ئێستادا بەردەوامە.

هەرچۆنێك بێت، بەم دواییە، کوردەکانی ئێران گەیشتنە ئاگربەستێك لە نێو خۆیاندا، لە کاتێکدا پێدەچێت پژاك گەیشتبێتە ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ تەهراندا. لە کۆتاییدا ئەوەی پێوەندی بە سوریاوە هەبێت، ئەوا تاوەکو شەڕی ناوخۆ لە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد بەرپا نەبوو لە ئازاری ٢٠١١دا، کاریگەری کوردەکان کەمتر بوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیان کەمتر بوو، هەروەها بە پێچەوانەوەی کوردەکانی سێ دەوڵەتەکەی دیکەوە، کەمتر یەکگرتوو بوون لە ڕووی جوگرافیەوە.


**هەرێمی کوردستان هەموو تواناو سەرچاوەیەکی هەیە کە پێویستە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ**

بەهەرحاڵ، لە ئێستادا، بە هاوکاری هەرێمی کوردستان و ئەوانی دیکە، کوردەکانی سوریا بێدەنگی و دابەشبوونی خۆیان شکاندووە و کارایانە چوونەتەپاڵ بزووتنەوەی دژ بە ئەسەد: یەکەم لە کاردانەوەی ئیغتیالکردنی میشعەل تەمۆ لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١دا، کە یەکێك بوو لەو سەرکردانەی زۆرترین ئومێدی پێدەکرا، هەروەها وەك بەشێك لە شۆڕشە بەرفراوانەکە لە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد، کوردەکان ئەم هەڵوێستەیان گرتەبەر.

**عێراق**

بێگومان، لە عێراقدا، بەهاری کوردی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستی هێناوە لە دوای شەڕی ساڵی ١٩٩١ و ئیعتیرافکردنی دەستووری بە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣. لە ڕاستیدا، حاڵی حازر هەرێمی کوردستان هەموو تواناو سەرچاوەیەکی هەیە کە پێویستە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ: سەرۆکی خۆی هەیە، سەرۆك وەزیران و پەرلەمان و ئاڵا و سروودی نیشتیمانی خۆی هەیە.

خاوەنی سوپای خۆیەتی کە تەنانەت توانیویەتی ڕێگری لە سوپای بەغدا بکات لەوەی بێتە هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها



**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر**
**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**

خاوەنی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی و سیستەمی پەروەردەیی خۆیەتی، کە تەنانەت کەسانێکی کەمێك ئەو ئەرکە دەخەنەبەر خۆیان بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بن، هەروەها تەنانەت مۆری خۆی لە پەساپۆرتی ئەو کەسانە دەدات کە سەردانی هەرێمەکە دەکەن.

بەهەرحاڵ، زۆرکەس ئەو پرسیارە دەکەن ئایا چارەنووسی هەرێمی کوردستان چی دەبێت کە ئێستا سوپای ئەمەریکا لە عێراق کشاونەتەوە؟ ئەو کشانەوەیەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا بوو-. پێشتر هەرێمی کوردستان و بەغدا بە شێوەیەکی مەترسیدار نزیکبوونەوەی لەوەی لەسەر کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان- کە زۆرجار پێی دەوترێت «هێڵی شەڕ و تەقینەوە»- بارودۆخەکە بتەقێننەوە، ئەو دۆخەی لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە خانەقین هاتە ئاراوە نموونەیەکی زەقە.

بەم دواییە، بەغداو هەرێمی کوردستان نزیك بوونەوە لەوەی بکەونە شەڕەوە بەهۆی کێشەیانەوە لەسەر ئەو سنوورەی کە عێراق هەیەتی لەگەڵ سوریادا.

لە هەمان کاتدا، کوردەکانی عێراق پتر پەرەیان بە بەهاری کوردی خۆیانداوە، یەکەم: حزبی گۆڕان کە حزبێکی ئۆپۆزسیۆنە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی هەرێمی کوردستاندا لە ٢٥ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩ لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان- کە حزبێکی خاوەن ڕەگ و ڕیشەبوو- جیابۆوە، کە لە دەرئەنجامدا خۆپیشاندانی توندوتیژانە لە سلێمانی و لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا ڕوویدا، کە دووەم گەورە شاری هەرێمەکەیە، ئەم خۆپیشاندانانە بەردەوام بوو تاوەکو لە ١٩ی نیسانی ٢٠١١دا کپکرایەوە.

زۆربەی خۆپیشاندەرانی سلێمانی نارەزاییان لە دژی گەندەڵی، مەحسوبیەت، و نەبوونی خزمەتگوزاری کارا وەك کار و کارەبا، دەردەبڕی. ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانیش نارەزاییان لە دژی سنووردارکردنی ئازادی ڕادەبڕین و ڕۆژنامەگەری و هەراسانکردنی ڕۆژانە دەربڕی.

هەرچۆنێك بێت، بە پێچەوانەی ئامانجەکانی خۆپیشاندەرانی بەهاری عەرەبەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دیموکراتی لە تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩دا هەڵبژێردرا، کە ئاسان نەبوو ئەم هەڵبژاردنانە بە ناشەرعی لە قەڵەم بدرێت. بەهەر حاڵ دوای ئەو خۆپیشاندانانە ئاشتی بۆ هەرێمی کوردستان گەڕایەوە، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانە ئاگادارکردنەوەیەکی جیدی بوو کە هەموو شتێك بە باشی بەڕێوەناچێت و پێویستە سەر لە نوێ خۆتەرخان بکرێتەوە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و عەدالەت بە شێوەیەك سەرجەم کوردستانیەکان لێی سوودمەند بن.

**ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆتاییدا عێراق بەرەو پێکهێنانی سێ دەوڵەتی جیاواز ئاراستە بگرێت**

کوردەکانی عێراق ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی لە هاوکاری کردنی نوری مالیکی بۆ ئەوەی حکومەتە نوێیەکەی لە بەغدا پێکبهێنێت لە ساڵی ٢٠١٠دا، ئەویش لە بەرامبەر بەڵێن گەلێکی تەمومژاوی بە پاڵپشتی کردنی ئەجێندای هەرێمی کوردستان لە پێوەندیدا بە کەرکوك و داهاتەکانی نەوتەوە. هەرچۆنێك بێت، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەهەولێر ئیمزا کرا مالیکی بووەوە سەرۆکی حکومەت، دواتر کە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە.

کاتێك دووبارە مالیکی دەسەڵاتی گرتەوەدەست، پێوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان بەرەو خراپبوون چوو. لەبەر ئەوەی مالیکی نەیتوانی کابینە نوێیەکەی تەواو بکات، هەروەها لەبەر ئەوەی بە شەخسی کۆنترۆڵی چەند وەزارەتێکی سەرەکی کرد،

ئەوا ئەمە سەریکێشا بۆ ئەوەی تاوانبار بکرێت بەوەی بەرەو بوون بە دیکتاتۆرێکی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێت. دواتر لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢دا، مالیکی یاداشتی دەستگیرکردنی جێگری سەرۆك کۆمار، تاریق ئەل هاشمی، دەرکرد، کە بەرزترین پۆست بوو بەدەست سوننەکانەوە لەو حکومەتەدا کە شیعەکان باڵادەستبوون بەسەریدا، ئەویش بە تۆمەتی ئەوەی سەرکردایەتی تیمەکانی مەرگی کردووە لە ڕابردوودا.

هاشمی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە و بەرەو هەرێمی کوردستان و دواتر بەرەو تورکیا هەڵهات، کە لە تورکیادا دالدەدراو پارێزگاری لێکرا. لە سەرەتای ئەیلولی ٢٠١٢دا، حکومەتەکەی مالیکی بە غیابی حوکمی لە سێدارەدانی ئەل هاشمی دەرکرد، بەڵام تورکیا ڕازی نەبوو ڕادەستی بکاتەوە.

عێراق و تورکیا لە ناکۆکیدان لەبارەی ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان ئەنقەرە و ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە ڕێگە بە کوردەکانی عێراق دەدات نەوت و غاز لە ڕێی تورکیاوە هەناردە بکات. لە نێو فاکتەرەکانی دیکەدا کە بوونە هۆی قووڵکردنەوەی گرژییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، سەردانە مشتومڕ هەڵگرەکەی وەزیری دەرەوە ئەحمەد داود ئۆغلۆ بۆ کەرکوك لە ئابی ٢٠١٢دا. هەربۆیە لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٢دا، مالیکی بانگهێشتێکی ڕەتکردەوە بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسی پارتی داد و گەشەپێدانی حکومڕان بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان. بەڵام مسعود بارزانی و نوێنەری تاڵەبانی ئامادەبوون لەو کۆنفرانسەدا.

هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوە سەلمێنرا کە چارەسەرەکانی پەیوەست بە کێشە درێژخایەنەکانی پێوەندیدار بە کەرکوك و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتەوە چارەسەرگەلێکی مەحاڵن. هەرچۆنێك بێت،

**لە عێراقدا بەهاری کوردی لە ڕۆژگاری مەلا مستەفا بارزانیدا دەستی پێکرد لە سەرەتاکانی شەستەکاندا، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی تایبەتی لە دوای دوو جەنگەکەی ئەمەریکا لە دژی سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٩١ و ساڵی ٢٠٠٣دا درێژەی هەبوو**

لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٢دا، دووبارە هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی کاتی دەربارەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان. هەندێ کەس پێیان وابوو ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ تێگەیشتنێکی باشتر.

بە هەرحاڵ، سیناتۆری ئەمەریکی، جۆن مەککەین، کە پاڵێوراوی شکستخواردووی کۆمارییەکان بوو لە بەرامبەر سەرۆکی ئەمەریکا، باراك ئۆبامادا لە ساڵی ٢٠٠٨، سەرنجی لەم گرژیە هەڵکشاوانەی عیراق داوەو ڕایگەیاند کە «باروودۆخەکە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت... ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆتاییدا عێراق بەرەو پێکهێنانی سێ دەوڵەتی جیاواز ئاراستە بگرێت. ئەم بۆچوونەی مەککین چارەسەرەکەی جۆزیف بایدنمان- کە ئێستا جێگری سەرۆکە- بە بیر دەهێنێتەوە کە ڕێگاچارەی سێ دەوڵەتی پێشنیارکرد لە ساڵی ٢٠٠٧دا.

لە گەرمەی چالاکیەکاندا، بارزانی گەشتی

**بە پێچەوانەی ئامانجەکانی خۆپیشاندەرانی بەهاری عەرەبەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دیموکراتی لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٩دا هەڵبژێردرا، کە ئاسان نەبوو ئەم هەڵبژاردنانە بە ناشەرعی لە قەڵەم بدرێت**

بۆ ئەمەریکا، تورکیا و ئەوروپا کردو چەندین کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنێکی ئەنجامدا کە بە باشی بڵاوکرانەوەو پەخشکران. قسەکانی لە تورکیا جێی سەرنجدانێکی تایبەت بوون، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چۆن پێوەندیەکانی نێوان هەردوولا بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەوپێشچوونە لەو چەند ساڵە کەمەی دواییدا. لە ئێستادا تورکیا لایەنی هەرێمی کوردستان دەگرێت لە ناکۆکییەکەیدا لەگەڵ بەغدا.

سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان مالیکی تاوانبارکرد بە خۆشکردنی ئاگری گرژییەکان لەگەڵ کوردەکاندا، لە کاتێکدا مالیکی سەرزەنشتی تورکیای لەسەر «دەستێوەردانی زەقی لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا.» لە مانگەکانی دواتردا، نێچیرڤان بارزانیش، سەرۆك وەزیرانی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەشتی بەرەو تورکیا کرد

**بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوە سەلمێنرا کە چارەسەرەکانی پەیوەست بە کێشە درێژخایەنەکانی پێوەندیدار بە کەرکوک و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتەوە چارەسەرگەلێکی مەحاڵن**

بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئاست بەرز لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدەن.

بەهۆی ئەم پاڵپشتییەی تورکیاوە ئەگەری ئەوە هەیە هەرێمی کوردستان بە ڕاستی جەسارەتی ئەوەی هەبێت لە عێراقی پارچە پارچەبوو جیابێتەوە.بەڵام تەنها زەمەن وەڵامی ئەمە دەداتەوە. بێگومان، تورکیا زۆر بە حەزەر دەبێت لەگەورەکردنی ڕەوتی ناسیونالیزمی پان کوردیزم کە بە دڵنیاییەوە لەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە دێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە.

لە هەولێرەوە بارزانی باسی لەئەگەری بەکارهێنانی فڕۆکەی شەڕکەری ئێف ١٦-١٨ کرد کە بڕیارە عیراق لە ئەمەریکای بکڕێت، بۆ ئەوەی دووبارە مل بە کوردەکان کەچ بکاتەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٢دا داوای لە مالیکی کرد ڕازی بێت بە دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ڕکابەرە سیاسییەکانیدا «ئەگەرنا کوردەکان بیر لە جیابوونەوە لە بەغدا دەکەنەوە. ڕایگەیاند، قەیرانێکی زۆر جیددی هەیە لە وڵاتدا.» و «ئەگەر ئەو چەقبەستووییە نەشکێنرێت» دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان ڕەنگە بیر لە ڕاپرسی بکەنەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە عێراقدا.

زۆربەی چاودێران پێیان وایە ئەمە بە ڕاستی مانۆڕێکە بۆ گرتنی پێگەیەك لە عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا. لەوە زیاتر، حاڵی حازر هەرێمی کوردستان لە عێراقێکی فیدراڵیدا هەموو ئیمتیازاتەکانی سەربەخۆیی هەیە بێ ئەوەی دووچاری دژواری و گرفتەکانی بێتەوە. بەڵام ئەگەر باشترین هەوڵەکانی کورد شکستیان هێنا و عێراقیش دابەش بوو، ئەو کاتە وا دەردەکەوێت کوردەکان ناچاربوونە سەربەخۆیی بەدەست بهێنن و ئەمەش کارێکە پاساوی خۆی دەبێت. لەبەر ئەوە، باشترین کارێك مابێتەوە بۆ ئەوەی کوردەکان بیکەن، بریتیە لە ئارامگرتن و گرتنەبەری دیبلۆماسیەتێکی ژیرانە.

د.محەمەد نورەدین یەکێکە لە پسپۆرە دیارەکانی کاروباری تورکیا لە وڵاتانی عەرەبی و خاوەنی چەندین کتێب و سەدان وتارە لەسەر ڕەوشی تورکیا، هەربۆیە لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانیە عەرەبییەکانی وەك ئەلعەرەبیە و ئەلجەزیرە لەسەر ڕەوشی تورکیا ڕاو سەرنجەکانی بەهەند وەردەگیرێن، سەبارەت بەگرژی و ئاڵۆزیی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و سوریا، د.محەمەد نورەدین لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.




د. محەمەد نورەدین پسپۆر لە کاروباری تورکیا بۆ گوڵان:

# تورکیا دەیەوێت بەهۆی ئەم ڕووداوەوە بواری سوپای ئەسەد نەدات حەلەب بگرێتەوە

ئەو گرژیی و ئاڵۆزییەی کە دوای ڕووداوی چەند ڕۆژی ڕابردوو کە چەند گوللە تۆپێك کەوتە ناو خاکی تورکیا بووە هۆکاری ئەوەی ٥ هاووڵاتی تورکیا گیان لەدەست بدەن، لەگەڵ ئەوەی ڕووداوێکی خوازراو نییە، بەڵام زۆر نائاساییش نییە، لەبەر ئەوەی لەو ناوچە سنوورییانە لە نێوان سوپای ڕژێمی ئەسەد و چەکدارانی موعارەزە شەڕ و پێکدادان هەیە، ئەو چەند گوللە تۆپەش تەنیا بە ٧٠ مەتر لە ناو خاکی تورکیا کەوتووەتە خوارەوە، هەربۆیە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئەم ڕووداوانە ناو بە ناو دێنەئاراوە، بەڵام تورکیا ئەو ڕووداوەی بەوشێوەیە گەورە کرد و لە ماوەیەکی کورت و بەخێرایی و لەناکاودا ڕەوشەکە بەم شێوەیە هەڵکشا و گەیشتە ئەوەی پەرلەمانی تورکیا یاداشتنامە دەربکات و حکومەت سەرپشك بکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەودیو سنوورەکان، ڕاستە لە یاداشتنامەکە ناوی سوریا نەهاتووە، بەڵام بێگومان مەبەستەکە سوریا-یە، هەربۆیە من پێموایە ئەم هۆکاری گەورەکردنی ڕووداوەکە لەلایەن تورکیاوە، دوو هۆکاری سەرەکیی لەپشتەوەیە، یەکەمیان ئەوەیە تورکیا لە هەوڵدانە بۆ پەلکێشکردنی پاڵپشتییەکی ئەتڵەسی و ئەمریکی بە مەبەستی خولقاندنی بارودۆخێکی دیاریکراو بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە ناو خاکی سوریادا، هەر لەم ڕووەیشەوە پێموایە ئەمریکا – بەو ناوەی کە بڕیاردەری سەرەکییە لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی – بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا نییە، بێگومان لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە کە بۆچی تورکیا دەیەوێت هاوپەیمانیی ئەتڵەسی بێنێتە نێو دەستێوەردانێکی سەربازی لە سوریا؟ ئەوە لەبەرئەوەی تورکیا لەبارەی کەیسەکەی سوریا دووچاری قەیرانی چەقبەستن بۆتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی کەیسەکەی سوریا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت بە فاکتەرێکی فشاربەخش لەسەر بارودۆخی ناوخۆی تورکیا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی...و تاد. هۆکاری دووەم کە لەپشت ئەوەیە تورکیا بەم شێوەیە ڕووداوەکەی گەورەکردووە و کە هەڕەشە لە خاکی سوریا دەکات: بەڕای من ئەمە هەوڵدانێکە بۆ خافڵاندنی سوپای سوریا لە جەنگەکەی حەلەب بەتایبەتی پاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە لەئارادا هەیە کە هێزێکی گەورەی ٢٠٠ هەزار سەربازی سوریا بە چەك و پێداویستییەکانیانەوە خۆیان ساز و ئامادەکردووە بۆ جەنگی حەلەب، ئەمەیش هەوڵدانێکە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕووخانی حەلەب بەتەواوەتی لە دەستی ڕژێم لەبەرئەوەی گرتنی حەلەب لەلایەن سوپای سوریا-وە دەبێتەهۆی ئەوەی دەسەڵاتەکانی سوپای سوریا بەرفراوانی بەخۆیەوە ببینێت لەنێوان حەلەب و سنوورەکانی تورکیادا و هەڵبەتە ئەمەیش دەبێتە شکستێکی گەورە بۆ ئۆپۆزسیۆنی چەکدار و هەروەها بۆ تورکیا-یش کە هەمیشە پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن دەکات.

**تورکیا لە هەوڵدانە بۆ پەلکێشکردنی پاڵپشتییەکی ئەتڵەسی و ئەمریکی بە مەبەستی خولقاندنی بارودۆخێکی دیاریکراو بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە ناو خاکی سوریادا**




# زانکۆی لیۆنی فەرەنسا کۆنفرانسێکی فراوان لەسەر کوردستانی عێراق ساز دەکات

**پرەنسیپی هاندانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە شوناسە ئەتنیکیەکان بە فەرمی ئامانجەکانی کوردە لە باشووری کوردستان لەم ئامانجگەلەدا کوردو فەرەنسییەکان خاڵی یەکانگیریان هەیە، هەر بۆیە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی حکومەتی فەرەنسا لەم کۆنفراسە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی فەرەنسا دەیەوێت بایەخێکی گرنگ بە دەوڵەتی کوردستان بدات کە بەڕێوەیە.**

**هەندێك هەوڵیاندا بەبیانووی ئەوەی ئەم کۆنفراسە هەوڵێکە بۆ دابەشکردنی عیراقی خۆشەویست سازنەدرێت، بەڵام زانکۆی لیۆن گوێی لێنەگرتن...**

گوڵان - پاریس

لە ڕۆژانی ٢ و ٣ ئەم مانگەدا، شاری لیۆنی فەرەنسا پێشوازی لە کۆنفرانسێکی ئەکادیمی لەسەر هەلومەرجی ئێستای کوردستانی عێراق کرد. ئەم کۆنفرانسە زیاتر لە ساڵێکە کاری بۆدەکرێت و بەرنامەی بۆدادەنرێت. سەرەتا لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠١١ دا، پرۆگرامێك بەناوی «نەخشەی باکووری عێراق» لەلایەن ئەنستوتی فەرەنسی بۆکاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرووپی توێژینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێدەکات. ئامانجی یەکەمی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە ئامادەکردنی کتێبێکی گەورە لە چەندین نەخشەی جیاوازی

> **ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی بەرگری فەرەنسی و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی لە کۆنفرانسەکەدا ئاماژەیەکی بەهێزبوون بۆئەوەی کە لەمەودوا فەرەنسا بەوردتر چاودێری کوردستانی عێراق دەکات و بەجددی لەگەڵ پرسەکانی ئەم وڵاتەدا دەجووڵێتەوە**


**ئیزابێل لۆفۆرت**
**جێگری سەرۆکی زانکۆی لیۆن**

> **ئەو گەشەکردنە ئابووریە بێ پێشینەیەی کە لە ئێستای کوردستانی عێراقدا سەریهەڵداوە: پرسی نەوت، پرسی سنوور، پرسی ناوچە کشتوکاڵیەکان، دروستکردنی تۆڕی ئابوری جیهانی و دەیان دیاردەی دیکە، مەیدانی ڕامان و لێکدانەوەکانی ئەم کۆنفرانسە بوون**

کوردستان و پاشان ڕاڤەکردنی ئەکادیمیانەی ئەونەخشانە. بڕیار وایە ئەم کتێبە بە هەرچوار زمانی فەرەنسی، کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی بڵاوبکرێتەوە.

پاش ساڵێك لە کارکردن، ئەنستوتی فەرەنسی بۆکاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕیاریدا هەر لەو چوارچێوەیەدا کۆنفرانسێکی جیهانی لە شاری لیۆن بەناوی «کوردستانی عێراق» ((کیانێك لە بیناکردندا)) ڕێک بخات.
ئامانجی سەرەکی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر هەموو ئەو دینامیکە «پانتایی گەرایانەی» کە لە کوردستانی عێراقدا بەڕێوەن. هەروەها ڕاڤەکردنی هەموو ئەو ئەکتەرانەیە کە بەشداری لە بەڕێوەبردنی ئەم مێکانیزمانەدا دەکەن: گرووپە کۆمەڵایەتیەکان، دەسەڵاتە سیاسیەکان، ئەکتەرە ئابووریەکان، تاد.
ئەوگەشەکردنە ئابووریە بێ پێشینەیەی کە لە ئێستای کوردستانی عێراقدا سەریهەڵداوە: پرسی نەوت، پرسی سنوور، پرسی ناوچە کشتوکاڵیەکان، دروستکردنی تۆڕی ئابوری جیهانی و دەیان دیاردەی دیکە، مەیدانی ڕامان و لێکدانەوەکانی ئەم کۆنفرانسە بوون.
شایەنی باسە بەشێك لە توێژەرە فەرەنسیە بە ئەسڵ عەرەبەکان، بەتایبەتی عێراقیەکان هەموو توانایەکیان خستبووە کار بۆئەوەی ئەم کۆنفرانسە سەرنەگرێت و فەرەنسا دەستپێشخەری نەکات بۆ دروستکردنی نەخشەی کوردستانی عێراق. یەکێك لەو ئەکادیمیە فەرەنسیە بە ئەسڵ عێراقیانە بریتیە لە « هیشام داود» کە ئێستا لە خودی هەولێر دادەنیشێت و لەسەرەوە خۆی بە دۆستی کێشەی کورد بە کوردەکان دەناسێنێت و لە ژێرەوەش بە توندی تا دوانەفەس دژایەتی ئەم کۆنفرانسەی کردبوو. گوڵان ئەم هەواڵەی لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی فەرەنسیەوە وەرگرتوە کە بەشداریی لە کۆنفرانسەکەدا کردووە. بەڵام خۆشبەختانە، دەزگا فەرەنسیە ئەکادیمیەکان، بەهاوکاری ئەکادیمیە فەرەنسی بە ئەسڵ کورد و ئەکادیمیەکانی زانکۆی سەلاحەدین کۆنفرانسەکە سازدرا و بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.

لە ڕۆژی یەکەمدا، جێگری سەرۆکی زانکۆی لیۆن، مادام ئیزابێل لۆفۆرت، کۆنفرانسەکەی کردەوە و بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو لایەکی کردو ئامادەیی زانکۆی لیۆنی بۆ چەندین پرۆژەی زانستی هاوبەش لەنێوان کوردستان و زانکۆی لیۆندا دەربڕی. پاشان بەڕێز سیریل روسێل، بەڕێوەبەری ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس دەرگای توێژینەوەکانی کردەوە. بەڕێز دکتۆر خەلیل ئیسماعیل موحەمەد بە توێژینەوەی یەکەم «بیناکردنی سنوورەکانی کوردستانی عێراق» دەستی پێکرد. دواتر بەڕێزئەلی ستەوی توێژینەوەیەکی لەسەر ئەوناوچانەی کە جێگای ناکۆکین لەنێوان حکومەتی هەرێم و بەغداددا پێشکەش کرد. بەڕێز پرۆفیسۆر حەمید بۆز ئەرسلان، بە وردی گفتوگۆی لەسەر هەردوو توێژینەوەکە کردو ئامادەبووان لەڕێگای موداخەلەکانیانەوە سەرلەبەیانی کۆنفرانسەکەیان دەوڵەمەند کرد.

پاش نیوەرۆ، بەڕێز دکتۆر عادل باخەوان توێژینەوەیەکی لەسەر گۆڕانکارییە ستراکتۆرالەکانی بزووتنەوە ئیسلامیستە کوردەکان پێشکەش کرد. ئەم توێژینەوەیە بوو بە جێگای دیالۆگی ئامادەبووان. پاشان بەڕێز پەیمان شەوقی باسێکی لەسەر کەمینەکان و کۆچکردن بۆکوردستان پێشکەشکرد. دواتر بەڕێز دکتۆر هیوا سادق سەلیم توێژینەوەیەکی لەسەرکارایی فاکتەرە جوگرافیەکان لەسەر دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووان لە کوردستان پێشکەشکرد. دوا توێژینەوەی ڕۆژی یەکەمیش لەلایەن بەڕێز موحەمەد عەبدوڵڵاوە لەسەرپرسی پەناهەندەکان لە دهۆك پێشکەشکرا.
لە ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسدا، هەریەك لە بەڕێزان دکتۆر هاشم حەسەن و دکتۆر ئازاد موحەمەد و دکتۆر سیریل روسێل و دکتۆر سەمیر جەمیل و دکتۆر مێرڤێئۆز دەمیرکیران بە توێژینەوەی تایبەت بەشداری کۆنفرانسەکەیان کرد.
گرنگی ئەم کۆنفرانسە لەوەدایە کە نەك هەر ئەکادیمیە فەرەنسیەکانی لە پشتەوەبوو، بەڵکوسیاسیە فەرەنسیەکانیش، لەپشت پەردەوەو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەیان دەکرد و دیپلۆماسیەتی خۆیان لەسەر دروست دەکرد. فەرەنسیەکان لەڕێگای ئەم پڕۆژانەوە دەیانوێت ئاماژە بەوەبدەن کە ناخوازن کوردستانی عێراق بەتەنیا بۆ ئەمەریکی و بەریتانیەکان بەجێبێڵن و ئەمانیش لە ئاستی خۆیاندا دەیانەوێت بەشدای بکەن لەو کوردستانەدا کە بەڕێوەیە. هەر لە پێناوی ئەمڕوانینە ستراتیژیەشدایە کە گوێیان لە بەڕێزانی وەك هاشم داودی فەرەنسی و بە ئەسڵ عێراقی نەگرت و پرۆژەکەیان بەدیهێنا. شایەنی باسە کە جێگری سەرۆکی زانکۆی لیۆن، داوای لە بەڕێز دکتۆر عادل باخەوان کرد کە کوردەکان دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە ئەمە یەکەم هەنگاوە، بەڵام دوا هەنگاو نابێت و لە داهاتوودا زانکۆی لیۆن چەندین پرۆژەی لەم شێوەیە تەبەنی دەکات. هەروەها زانکۆکەیان ئامادەیە بۆ پێشوازی کردن لە هەموو ئەو خوێندکارە کوردانەی کە دەیانەوێت لە بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا بخوێنن.
ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی بەرگری فەرەنسی و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی ئاماژەیەکی بەهێزبوون بۆئەوەی کە لەمەودوا فەرەنسا بەوردتر چاودێری کوردستانی عێراق دەکات و بەجددی لەگەڵ پرسەکانی ئەم وڵاتەدا دەجووڵێتەوە.

# هێز
# دادپەروەری دروست دەکات

**لێگەڕێ هاوشـێوەکانی ریاز ئەل شەفقە چۆنیان پێ خۆشە بیریکەنەوە و لێدوان بدەن لە بارەی کورد و کوردستانەوە، تەنها لەوە دڵنیابن کە ئەوان ناتوانن هەرچیەکیان پێخۆشە بیکەن لەگەڵ کورد و کوردستاندا.**




## دەیڤید رۆمانۆ*

■■■
مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت
■■■


بەم دواییە، ریاز ئەل شـەقفە، سەرکردەی ئیخوان موسـلمینی سـوریا ڕایگەیاند کە ئەوان «بە ئاشـکرا بەرهەڵستی خەونەکانی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە سـوریا دەکـەن.» هەروەهـا ئەوەشـی زیادکرد کە «کوردەکانـی سـوریا زیاتر لە سـەدا ٥ی دانیشـتووانی وڵاتەکە پێکناهێنن» و هیچ «هەرێمێکی کوردی» لە سـوریادا بوونی نییـە. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی خسـتەڕوو کـە هیـچ ناوچەیەك نییە لە سـوریادا کە تەواوی دانیشـتوانەکەی کوردبن و کوردەکان لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتدا کەمینەن لەبەر ئەوەی لەگـەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەی سوریدا دەژین.

ئەم لێدوانە لـە دوای زنجیرەیەك لێدوانی هاوشـێوە هـات لەلایـەن سـەرکردەکانی گرووپەکانـی موعـارەزەی سـوریا کە بە زۆری گرووپگەلێکـی عەرەبی سـوننەن. تەنانەت هەندێ لە ئەندامە کوردە دیارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی سوریا، کە پێدەچێت هەڵگری هەمـان تێڕوانینـی عەرەبەکانی سـوریابن لە بارەی ئەم پرسـەوە، لە ماوەی ساڵی ڕابردودا لێدوانی هاوشێوەیان دا، ئەوان زیاتر لەبەر ئەوە ئەم تێڕوانینەیان تەبەنی کرد چونکە تورکیا زیاتر پەسـندی دەکرد، نەك لەبەر شـۆڤێنییەتی دژ بە کـورد، یان هەر هۆکارێکی دیکە. ئەمە ئاوازێکی ئاشـنایە بـە گوێی کوردەکان، کە تەنیا بە سـوریاوە پەیوەسـت نییە. بۆ نزیکەی سـەد سـاڵ، تێڕوانینی هاوشێوە نەخشەی سیاسی تورکیا، عێراق و ئێرانی شێواندووە( ئەگەرچی ئەم دوو وڵاتەی دوایی بەلای کەمەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیاندا ئیعیترافیان بە بوونی هەرێمی کوردستان-ناوچەیەکی کوردی- کردووە.)

لەبەرامبەر ئەم نکۆڵیکردنە لە بوونی هەر جۆرە مافێکـی بڕیاردانی چارەنووس لەلای کوردان، سـەرکردە کوردەکان بە شـێوەیەکی شایستە و ڕوون و ڕەوان و عەقڵانی ناڕاستیی ئەم شـێوازی مامەڵەکردنەیان دەرخست. لە کاتێکدا من ئەم وتارە دەنووسـم، یەکێك لەو ڕوونکردنەوانەم لەبەردەسـتدایە کە ناڕاستیی ئەم شێوازە ڕوون دەکاتەوە، کە دەقە ئەسڵییەکە بە فەرەنسییە و بە ناوی "Memorandum sur les revendications du peuple Kurde،" کە وتاری جەنەراڵ شـەریف پاشا بوو کە لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ٢٢ی ئازاری ١٩١٩دا خوێندییەوە. شەریف پاشا وەك تاقە نوێنەرێکی کورد کە توانیبێتی ئامادەی

کۆنفرانسەکە بێت ئەو یاداشتەی پێشکەش کرد. لەو بەڵگەنامەیەدا، بەڵگەیەکی بەهێز هەیە لەسەر بوونی کورد لەو ناوچەیەدا کە بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ پێیان دەگوت کوردستان، ئەو سەرچاوەی ئینسکلۆپیدی بۆ هێنانەوە، لەگەڵ ژمارەیەك لە بەڵگەنامەی عوسمانی و ئەورووپی کە بوونی کوردەکانیان پشتڕاست دەکردەوە.

ئەو بەڵگەی ئەوەی خستەڕوو کە ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە دەکەوێتە نێوان چیاکانی قەوقاز، زیڤێن لە باکوور، ئەرزڕوم، ئەرزینجان، کەماە، ئارابکیر، بەهیسمی، و دیڤیك لە ڕۆژئاوا، هەڕان، سیندیجار، تەل ئەسفەر، ئەربیل، کەرکوك، سلێمانی، ئاك-ئیڵ-مان، و سنە لە باشوورە، و ڕەواندوز، باچ-کالێ، ڤیزیز-کالێ و

> **پێشینە و لۆجیك و بنەما مۆدێرنەکانی پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس- بێ ئاکام دەبن ئەگەر هاوشان نەبن بە گرتنەبەری ئامرازگەلێکی سیاسی، ئابووری و سەربازی بۆ ئەوەی ئەنجامیان هەبێت**

چیای ئارارات لە ڕۆژهەڵات. هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە لە زۆربەی بەشەکانی ئەم ناوچەیە، کوردەکان زۆرینە پێکدەهێنن و لە ڕابردووشدا خاوەنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بوون، ئەو داواکارییەکەی، سەرۆکی ئەمەریکا ویلسۆنی بۆ پێدانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، بە بەڵگە هێنایەوەو، و بە ڕوون و ڕەوانی پشتیوانی لە کێشەی کورد کرد.

ئەگەرچی زۆرێك لە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە پەرۆشەوە ئاماژە بە پەیماننامەی سیڤەر دەکەن( وەك بەرهەمی کۆنفرانسی ئاشتی پاریس بوو، و وەك بەڵگەی دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بە کوردستان)، بەڵام زۆربەی ئەو ناوچانەی لەلایەن شەریف پاشاوە ئاماژەیان پێکرا بۆ ئەرمەنییەکان، بۆ بەریتانیا و فەڕەنسا تەرخانکران. ئەو ویلایەتانەی زۆرینەی زۆری دانیشتووانەکەیان کوردبوون (لە هەندێ حاڵەتدا بەهۆی پاکتاوی ئەرمەنییەکانەوە لە ئەنجامی ئەو کوشتارەی لە ساڵی ١٩١٥ و پێشتر ڕووبەڕووی بوونەوە) بوونە بەشێك لە ئەرمینیا و ئەو دەوڵەتە نوێیانەی لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنساوە دروستکران. هەروەها پەیماننامەی سیڤەر بڕگەگەلێکی ستەمکارانەی لە خۆگرتبوو لە ئاست ئەنادۆڵ و خاکی تورکیا، کە ئەمەش سەریکێشا بۆ شەڕی ڕزگاری لەلایەن کەمال ئەتاتورك و « کەمالیستەکانەوە» بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بڕگانە. لەم شەڕەدا، زۆرینەی زۆری کوردی ئارەزمەندانە چوونە پاڵ ئەتاتۆرك و شەراکەتیان لەگەڵدا کرد.

هەرچۆنێك بێت، ئێمە دەزانین دوای شەڕەکە چی ڕوویدا. لەبری جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوون( شەراکەت و ئۆتۆنۆمی و تاد)، کەمالیستەکان دەوڵەتێکی تورکی تاك-ئیتنیان پێکهێنا کە نکوڵی لە بوونی کوردەکان دەکرد. پەیماننامەی لۆزان، کە جێی پەیماننامەی بەسەرچووی سیڤەری گرتەوە، هیچ ئاماژەیەکی بە کورد و کوردستان لە خۆنەگرت. ئەو شۆڕشانەی کورد کە بەرپاکردن بە ئامانجی ڕەتکردنەوەی پەیماننامە نوێیەکە بە شێوەیەکی سیستماتیك تێکشکێنران لە لایەن کەمالیستەکانەوە، لەم پرۆسەیەشدا ئێران، فەڕەنسا و بەریتانیا چوونە پاڵییەوە. لە باشووردا، بەریتانیا شۆڕشی کوردی لە عێراقی تازەدروستکراودا تێکشکاند، لە کاتێکدا کوردەکانی سوریای تازەدروستکراو لەسەر دەستی فەڕەنسا، بە بێ ئاکام، ئومێدیان بەوە هەبوو لە ڕێی بەشداریکردنەوە لە پرۆسە سیاسیەکەدا خەونەکانیان بەدەست بهێنن(تاوەکو لە ساڵی ١٩٦٧دا دلڕقانە دەرکران.)لە ڕۆژهەڵاتیشدا، شۆڕشەکانی کورد لە ئێران بە هەمان شێوە چارەنووسیان سەرکوتکردن و شکست بوو.

پێم وایە دەرسێکی تاڵ لەم چیرۆکەوە هەڵدەگۆزرێت، کە زۆرجار لە ڕەوتی مێژوودا خۆی دووبارە کردۆتەوە. بەرگرییەکی ڕوون و ڕەوان لە مافە ڕەواکانی نەتەوەیەك- لەسەر بنەمای عەقڵ، و پێشینە و لۆجیك و بنەما مۆدێرنەکانی پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس- بێ ئاکام دەبن ئەگەر هاوشان نەبن بە گرتنەبەری ئامرازگەلێکی سیاسی، ئابووری و سەربازی بۆ ئەوەی ئەنجامیان هەبێت. هێزە کۆلۆنیاڵیە ئەورووپییەکان بە تەواوەتی ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەریان لەلایەن تورك و کوردەکانەوە پشتگوێ دەخست، ئەگەر کەمال ئەتاتۆرك ناچاری نەکردنبانە دەست لەو پەیماننامەیە هەڵگرن. هەرچۆنێك بێت دوای ئەوە، تەنانەت بەشداربوونیان لە هەڵمەتە سەربازییە سەختەکەدا لەگەڵ کەمالیستەکان شەفاعەتی ئەوەی بۆ کورد نەکرد، کە وەك کورد شوێنێکیان هەبێت لەسەر مێزەکە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی دوژمنایەتییەکەیان لەگەڵ ئەوروپا و لە ناوبردنی هەڕەشەی ئەرمەنییەکان و یۆنان، ئەو هێزە سەربازی، ئابووری و سیاسییەی کوردەکان کە مابۆوە نەیتوانی کەمالیستەکان ناچار بکات( یاخود ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات، باشوور، یان ڕۆژئاوای کوردستان بوون) دان بە ڕەوایەتیی داواکارییەکان بنێن.

ئەگەر ئەم چیرۆکە لە سوریای ئێستادا جیاوازتر بکەوێتەوە، ئەوا من گومانم هەیە

> **کوردەکانی ڕۆژهەڵات باشتر دەتوانن پارێزگاری لە هێزی سەربازی، ئابووری، و سیاسی خۆیان بکەن لە کاتێکدا کە ڕژێمی سوریا و موعارەزەی وڵاتەکە بەردەوامن لەسەر یەکدی شەکەتکردن لە میانی شەڕ و ناکۆکییە دژوارەکەیاندا بۆ دەستبەسەراگرتنی دەوڵەت**

هۆکارەکەی ئەوەبێت کە لە کۆتاییدا کوردەکان توانیویانە قەناعەت بە عەرەبە سورییەکان بهێنن بە ڕەوایەتیی داواکاریەکانیان بەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر و ڕەوانتر کێشەکەیان بخەنەڕوو. بەڵکو کوردەکانی ڕۆژهەڵات باشتر دەتوانن پارێزگاری لە هێزی سەربازی، ئابووری، و سیاسی خۆیان بکەن لە کاتێکدا کە ڕژێمی سوریا و موعارەزەی وڵاتەکە بەردەوامن لەسەر یەکدی شەکەتکردن لە میانی شەڕ و ناکۆکییە دژوارەکەیاندا بۆ دەستبەسەراگرتنی دەوڵەت. کەواتە لێگەڕێ هاوشێوەکانی ریاز ئەل شەفقە چۆنیان پێ خۆشە بیربکەنەوە و لێدوان بدەن لە بارەی کورد و کوردستانەوە، تەنها لەوە دڵنیابن کە ئەوان ناتوانن هەرچیەکیان پێخۆشە بیکەن لەگەڵ کورد و کوردستاندا.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

# گرژی هەڵکشاوی نێوان سووریاو تورکیا





دۆغو ئەرگیل*
مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**تـــا کاتی نووســـینی ئەم وتارە ئەوە ڕوون نییە کــە کێ ئەو هاوەنەی ئاڕاســـتەی خاکی تورکیا کردووە، دەکرێت هەڵەی حیســـاباتی هێزی موعارەزە بێت، هێزی ســـێیەم بۆ ئەوەی تورکیا ڕابکێشرێتە زۆنگاوی ســـووریاوەو لەو ڕێیەدا تێکبشکێنرێت. بەرپرسانی تورکیا قەناعەتێکی نزیك لە یەقینیان هەیە کە تاوانبار سوپای سووریایە.**

هەســـت و هەڵچوونێکـــی زۆر هەیـــە لـــە تورکیادا بەرامبەر سووریا، بەڵام ئەم هەست و هەڵچوونانـــە دابەش بـــوون. لە ماوەی دە ســـاڵی حکومڕانی پارتی دادو گەشەپێداندا لە تورکیا، سیاســـەتێکی حکومەتیی نەبووە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێنەکرێت، مەگەر دوو سیاسەت نەبێت. یەکێکیان دەستێوەردانی تورکیایە لە ســـووریا، دووەمیان گۆڕانکاری گەورەیە لە سیستمی پەروەردەدا-لەسەر ئاست مامناوەنـــدی- کە بە بەپەلـــە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە بـــێ ئەوەی ئەوە لێکبدرێتەوە ئایا ئاســـتی پـــەروەردەی ملیۆنەها مناڵ بەرزتر دەکاتەوە یان نا( ڕاپرسی ڕای گشتی میترۆپۆل لە ئەیلولدا).

لـــە کاتێکـــدا کـــە خەڵکـــی ئەوەیـــان بۆ یەکلانەدەبۆوە، چارەنووســـی ڕەوشی سووریا چی دەبێت کە لە دۆخی داڕوخاندایە، گوللە هاوەنێك لە ناو ســـووریاوە هەڵـــدرا و کەوتە شارۆچکەی ئاکچەلەکە لە خاکی تورکیادا، کە بووە هۆی کوشـــتنی پێنـــج هاووڵاتی و بریندارکردنـــی ژمارەیـــەك هاووڵاتی دیکە. زیانە ماددیەکانیشـــی بەرچاون. دەستبەجێ وەزیری دەرەوەی تورکیا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتـــۆی لەم ڕووەوە ئاگادار کردەوە. تورکیا

داوای لــە ئەنجومەنــی ئاسایشــی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد» کاری پێویست» بکات بۆ ڕاگرتنی دەستدرێژی سووریا.
هەرچۆنێــك بێت، ئەمە تەنیــا کاردانەوەی تورکیا نەبوو، بەڵکو دەستی بە بۆردومانکردنی ســووریا کرد بۆ هەڵتەکاندنی ئەو بنکەیە( یان بنکانەی) ســەرچاوەی هێرشەکە بوون، کە ڕادار شــوێنەکەی دەستنشــان کردبوو. ئێســتا تورکیا بەشــێکە لە شــەڕێك کە- پێشتر- بە شــێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لە ڕێی پشتیوانیکردنی موعارەزەوە بەشداربوو تێیدا. تا ئێســتا تورکیا میوانداری لە گرووپەکانی موعارەزە کردووە کە ئەم گرووپانەش بارەگای ســەرەکی خۆیان لــە ناو خاکــی تورکیادا دامەزراندووە و باوەشــی بۆ ژمارەیەکی ڕوو لە زیــادی ئاوارەکان (نزیکــەی ١٠٠،٠٠٠ کەس دەبن) کردۆتەوە کە لە شەڕی ناوخۆی سووریا هەڵدێن.
کاردانەوەکەی ناتۆ ئــەو کاردانەوەیە بوو کە تورکیا دەیویســت:» پشتیوانی لە تورکیای ئەندام دەکەین»و داوا لە» ســووریا دەکەین کۆتایی بەم پێشــێلکاریە زەقەی یاســایی نێودەوڵەتی بهێنێت». ڕۆژی پێنجشــەممە پەرلەمانــی تورکیا کۆبۆوە بۆ گفتوگۆکردن لەســەر ئەم مەســەلەیە و بۆ ئەوەی پلانی کارکردن دابنێن.
ئاڕاســتە گشــتیەکە ئەوەیە بە شێوەیەکی یەکلاکــەرەوە تۆڵە بکرێتەوە بێ ئەوەی بچنە ناو خاکی سووریاوە.
تا کاتی نووســینی ئەم وتارە ئەوە ڕوون نییە کــە کێ ئــەو هاوەنەی ئاڕاســتەی خاکی تورکیا کردووە، دەکرێت هەڵەی حیســاباتی هێزی موعارەزە بێت، هێزی سێیەم بۆ ئەوەی تورکیا ڕابکێشرێتە زۆنگاوی سووریاوەو لەو ڕێیەدا تێکبشــکێنرێت. بەرپرســانی تورکیا قەناعەتێکــی نزیك لە یەقینیــان هەیە کە تاوانبار سوپای سووریایە. بە هەرحاڵ، تورکیا ڕایانگەیاندووە کە ژمارەی ســەربازەکانی بە درێژایی سنوورەکانی سووریا زیاد دەکات.


**تورکیا بەشێکە لە شەڕێك کە-پێشتر- بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لە ڕێی پشتیوانیکردنی موعارەزەوە بەشداربوو تێیدا. تا ئێستا تورکیا میوانداری لە گرووپەکانی موعارەزە کردووە**

کاردانەوەی حکومەتی ســووریا( حکومەتی ئەســەد) زیاتــر لــەوەی چــاوەڕوان دەکرا پۆزشهێنەر بوو: وەزیری ڕۆشنبیری عومران زوبعی گوزارشــتی لە هاوخەمی خۆی بۆ خەڵکی تورکیا کــردو ڕایگەیاند وڵاتەکەی ڕێــزی لە ســەروەری دەوڵەتە دراوســێکان گرتــووە. هەروەها ئەوەشــی زیــاد کرد کە لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ دەستنیشــانکردنی ئەو کەسەی هاوەنەکەی تەقاندووەو داوای دان بە خۆداگرتنی کرد.
هەرچۆنێــك بێت، ئەم لێدوانــە نەرمە بەس نەبوو بۆ هێورکردنەوەی هەســت و هەڵچوونە هەڵکشاوەکانی تورکیا. لە ڕاستیدا ژمارەیەك لە ئەندام پەرلەمانەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە لە پاڵ دەنگدان بە مۆڵەتدان بە چوونە ناو خاکی عێراقەوە بۆ مۆڵەتدان بە دەستێوەردان لە سووریاشدا بخرێتە دەنگدانەوە. لە ڕاستیدا، یەکەم بڕیار دوای پشووی هاوینەی پەرلەمان بریتی دەبێــت لە درێژکردنــەوەی مۆڵەتی پێنج ســاڵی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراســیۆنە سەربازییەکان لەو دیو سنوورەوە بۆ ناو خاکی عێراق.
ڕاستی مەســەلەکە ئەوەیە-پێشتر- فیشەك و گوللــە دەکەوتنــە خاکــی تورکیــاوە لە دوای ئــەوەی هێزەکانی موعــاڕەزە ناوچە سنوریەکانی نزیك بە تورکیایان کۆنترۆڵکرد. هێزە لایەنگرەکانی دیمەشــق هەوڵی دووبارە دەست بەســەرداگرتنەوەی ئەم ناوچانەیاندا. ئەمە شــەڕێکە لــە ناوخۆیی ســووریادا، بەڵام ئەو کەســانەی لە نزیك ســنوورەکانی نیشتەجێکراون- ئەو سنوورانەی بە شێوەیەکی دەســتکرد لەلایــەن ڕۆژئاواوەو لــە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە داڕێژراون، کە ئەو خەڵکانەیان دابــەش و پارچە پارچە کردووە، بە شــێوەیەك بەشێکیان لە ســنوورێکدان و بەشــەکەی دیکە لە سنوورێکی دیکەدا. ئەم واقیعە کێشــەیەکی مرۆیی دروست کردووەو تەنها بەکۆتایی هاتنی شــەڕە ناوخۆییەکە تــەواو دەبێــت. هەروەهــا پێدەچێت مەحاڵ بێت شــەڕەکە بە ئاشتەوایی کۆتایی پێبێت. -تا ئێســتا- خوێنێکــی زۆر ڕژاوەو لایەن گەلێکی زۆر هاتونەتە ناو هاوکێشــەکەوە کە بەرژەوەندی و پلانی جیاوازیان هەیە. کەواتە

**ئەنقەرە کە بە ڕاددەیەکی بەرچاو لە ناکۆکیەکەوە تێوەگلاوە هەست دەکات تەنیا جێهێڵراوەو تورەیە لە غیابی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کۆتایی هێنان بەم ناکۆکیە خوێناوییە**

دەبێت لایەك بیباتــەوە. بێگومان بردنەوە یان دۆڕانی لایەنێك کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو لایەنانەی پشــتیوانی لــە یەکێکە لە لایەنە ناکۆك بــە یەکەکان دەکەن. ڕای گشــتی تورکیا بە قووڵی هەستی بەم قەیرانە کردووە و هەستە گشتیەکە ئەویە پێویستە حکومەت تورکیا لەم دۆخە داڕوخاوە دووربخاتەوە.
ئەنقەرە کە بە ڕاددەیەکی بەرچاو لە ناکۆکیەکەوە تێوەگلاوە هەســت دەکات تەنیــا جێهێڵراوەو تورەیە لــە غیابی پشــتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کۆتایی هێنان بــەم ناکۆکیە خوێناوییە. هەوڵەکانی -کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ خستنەڕووی چارەسەرێك بەهۆی دابەشــبوونی ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر ســێ وڵاتی ڕۆژئاواییەکەو ڕوسیاو چین بە بنبەست گەیشتووە. ئەم دوو وڵاتەی دوایی باوەڕیان وایــە ئەگەر بڕیارێکی توند لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانە دەربکرێت ئەوا ئەمە سەردەکێشــێت بۆ داگیرکردنی سووریا لەلایــەن هێزە ڕۆژئاواییــەکان و هاوپەیمانە ئیقلیمیەکانییەوە، لە نێویاندا تورکیا، بەمەش کاریگەری و نفووزیــان لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا دادەکشێت.
ئــەو هەوڵــەی حکومەتی نوێی میســری دەســتی پێکرد- کە جێی ئومێــد بوو- کە ئامانــج لێی کۆکردنەوەی میســرو تورکیاو ئێران و ســعودیەیە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئیقلیمــی تەرح بکرێت، بێ ئاکام بوو، لەبەر ئەوەی لە جەولــەی دووەمی کۆبوونەوەکاندا سعودیە کشــایەوە. پرســیارەکە ئەوەیە ئایا سروشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە بە نادیاری بمێنێتەوە؟

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**





# بەرەو پێشەوە چوون لە بونیادنانی ژێرخانی وڵاتدا

## پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەتە بۆ دامەزراندنی حوکمڕانی باش



لە ناونیشانی ئەم ڕاپۆرتە وشەی (بونیادنان)ـمان لەبری وشەی (بونیادنانەوە) بەکارهێناوە، هۆکاری ئەم جیاکردنەوەیە بۆ ئەوەیە کە خوێنەر بزانێت لەهەموو ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانەی بۆ پرۆسەی پەرەپێدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەکرێت، زارەوەی بونیادنانەوە (Rebuilding) بەکاردەهێنن، ئەمەش بەو مانایە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە وڵاتانی دوای شەڕن وەك کۆریای باشور و ئەڵمانیا و ژاپۆن، یاخود ئەو وڵاتانەن کە پێشتر پیڕەوی ئابووری سەنترالی دەوڵەتیان کردووە و ئێستا بەرەو کرانەوە و ئابووری بازاڕ و دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرن، ئەمەش مانای ئەوەیە لە هەردوو حاڵەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پێشتر ژێرخانێك (Infrastructure) بوونی هەبووە، ئەوجا ئەو ژێرخانە یان بەهۆی شەڕەوە لەبەریەك هەڵوەشاوە و پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوە هەیە، یان وەك وڵاتانی پۆست کۆمونیست پێویستی بە بونیادنانەوەی شێوازێکی دیکەی ژێرخان هەیە بۆ ئەوەی جێگەی ژێرخانی پێشوو بگرێتەوە، لەم بازنەیەدا هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی هەتا ساڵی ١٩٩١ بەشێك بووە لە دەوڵەتێکی سەنترالی دیکتاتۆری میلیتاری، وێڕای ئەوەی وڵاتی دوای شەڕ و کاولکاریی بووە، لە هەمان کاتدا وڵاتێکی پشتگوێ خراو بووە، نەك هەر لەڕووی نەبوونی پیشەسازی و پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵی، بەڵکو وڵاتێك بووە تەنانەت بە ١٠ ساڵ پێش ئەوەی شەڕی دووەمی کەنداو دەست پێ بکات و عێراق کوەیت داگیر بکات، هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە فەرامۆشکرابوو، ئەمەش وێڕای ئەوەی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و دەیان شار و شارۆچکەی هەرێمی کوردستان کاولکران

**لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە پرۆژەی ستراتیژی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە دەستی پێکردووە و بە ڕێژەی ٨٠٪ زیاتر ئاوی خواردنەوە دابینکراوە و لە ٢٠٪ـەکەی تریشی لە قۆناخەکانی جێبەجێ کردنن**

و خەڵکەکەیان بۆ ئوردگای زۆرە ملێ ڕاگوێزران، شارەکانی کوردستانیشی لە هەموو پێشکەوتنێك دوورخستەوە، تەنانەت کە ژێرخانی سەرەکی داهاتی کوردستان ئەوکات کشتوکاڵ بوو، حکومەتی بەعس بۆئەوەی ئەم سەرچاوەیە پەکبخات، پسپۆر و کادری کشتوکاڵیمان نەبێت بۆ ئەوەی ئەم بوارە پێشبخەن، تەنیا یەك کۆلیژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەدین هەبوو، هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال ئەم کۆلێژە داخرا و قوتابیەکانی بەسەر کۆلیژەکانی کشتوکاڵی زانکۆکانی عێراقدا دابەشکران، بۆیە کە لەم ڕوانگەیەوە سەیری پرۆسەی بونیادنانی ژێرخان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، ڕاشکاوانە هەست بەو ڕاستیە دەکەین کە پرۆسەکە بونیادنانە نەك بونیادنانەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی پرۆسەی بونیادنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٣ لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی عێراق و نێودەوڵەتی گەورەترین ئاستەنگی لەمیانەی سەپاندنی دوو گەمارۆی ئابوورییەوە بۆ دروستکرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی بونیادنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان بەکردەیی لەساڵی ٢٠٠٤- ٢٠٠٥ دەست پێ بکات،



ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ماوەی ٢٥ ساڵ هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی نە لەبواری دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەکی و نە لەبواری بەرەوپێشەوەچوون لەم دەڤەرە ئەنجامنەدراوە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

١- ماوەی ٢٥ ساڵ هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە هیچ شارێکی هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدراوە بە کەرکوکیشەوە، ئەوەی هەبووە هەموو پرۆژەکانی ئاوی ناوەڕاستی هەفتاکان بووە کە هەندێکیان لە سەرەتای هەشتاکان تەواو بوون، هەربۆیە بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێم دابین بکرێت و کێشەکە بە ڕیشەیی چارەسەر بکرێت لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ـەوە

> **دوای ئەوەی سەرچاوەی وزەی کارەبای دوکان تەنیا لە ١٠٪ی پێداویستی هەرێمی دابین دەکرد. ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ ٢٦٠٠ میگاوات بەرزبووەتەوە**

پرۆژەی ستراتیژی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە سەرتاسەری هەرێم دەستی پێکردووە و لەماوەی ئەم ٧ ساڵەدا بە ڕێژەی ٪٨٠ زیاتر ئاوی خواردنەوە دابینکراوە و لە ٪٢٠ـەکەی تریشی لە قۆناخەکانی جیاجیای جێبەجێ کردنن.

٢- لەماوەی ٢٥ ساڵدا هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوەڕۆ لە هیچ کام لە شارەکانی کوردستان جێبەجێ نەکراوە، تەنانەت شارێکی گەورەی وەك هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە دەکرێت بڵێین ئێستاش ئاوەڕۆی هاوچەرخی نییە، بۆیە ئەم پرۆژەیە کە دەبێت بونیادبنرێت، بەپێی هەندێك زانیاری ئەمساڵ دەستی پێدەکرێت و نزیکەی یەك ترلیۆن دیناری تێدەچێت کە دەکاتە نزیکەی یەك ملیار دۆلار.

٣- لەماوەی ٢٥ ساڵدا هیچ نەخۆشخانەیەك لە هەرێمدا دروست نەکرابوو، ئەم حاڵەتە سیستمی چاودێری تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان لەریشەوە تێکدابوو، لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەکانی کوردستان توانای ئەوەیان نەبووە کە پێداویستی ئەم بوارە پڕبکەنەوە، بۆیە لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە هەوڵدراوە بە دروستکردنی چەند نەخۆشخانەیەکی تازە سەرلەنوێ ژێرخانی سیستمی چاودێری تەندروستی لەهەرێم بونیاد بنرێت.

٤- لە ماوەی ٢٥ ساڵدا هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ پێکەوە گرێدانەوەی هاتووچۆی هەرێم بوونی نەبووە، ئەو ڕێگایانەی هەبوون هەموو ڕێگەی سەربازی بوون کە ڕژێمی پێشوو دروستی کردبوون، هیچ ڕێگەیەکی جووت ساید لەنێوان هەولێر و سلێمانی و هەولێر و دهۆك بوونی نەبووە، تەنانەت دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ١٩٩١ لەهەرێم و دابڕانی هەرێم لە ناوەند، شاری دهۆك لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دابڕابوو، دەبوو بە کەڵەك و بەلەم لە زێ بپەڕیتەوە ئەوجا دەگەیشتیتە دهۆك، دوای ئەوە بە یەك دووساڵ ئینجا توانرا پردێك دروست بکرێت و دهۆك و هەولێر پێکەوە گرێبدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی

> **پرۆژەی ئاوەڕۆی هاوچەرخی هەولێر بەتێچوونی نزیکەی یەك ملیار دۆلار ئەمساڵ دەستی پێدەکرێت**





**۱۹۹۲-۲۰۰۳** توانی بەشێوازی جیاواز بە سەدان کیلۆمەتر ڕێگە دروست بکات، بەڵام ئەو ڕێگایانە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کۆمەڵێك پێداویستی بوون، نەك بونیاد و ژێرخانی پێکەوە بەستنەوەی سەرتاسەری هەرێم بەیەکەوە، بۆیە لەدوای ساڵی **۲۰۰۵**ـەوە هەوڵدراوە ماستەرپلان بۆ ئەم بوارە ڕێکبخرێت و هەموو کوردستان پێکەوە گرێبدرێتەوە، کە ئێستا ئەم پرۆژەیە دەستی پێکردووەو لە هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ئەوەی پرۆژەی ڕێگەی خێرا (های وەی) دروست بکرێت.

**٥-** لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی، سەرچاوەی داهاتی مرۆیی لە کوردستان کرابووە سەرچاوەیەکی بێکار و مووچەخۆری بێ بەرهەم، ئەم دیاردەیە کە تائێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ڕێژەی ٪۷۰ی بودجەی هەرێمی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت دیراسەتی جەدوای ئابووری و قابیلەیەتی گەشەی ژیانی لە وڵاتەکە کردبێت**





هەوڵدەدرێت ژێرخانێك بۆ پەرەپێدانی مرۆیی بونیادبنرێت، تەنانەت لەبەر ئەوەی پسپۆر و کادری تەکنۆکراتمان بە ڕادەیەك کەمە، نەمانتوانیووە تائێستاش لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەم پرۆسەی مەشق و ڕاهێنان لەم بوارە وەك پێویست ئەنجامبدەین، وێڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ تەنیا یەك زانکۆ لە کوردستان هەبوو، ئێستا نزیکەی ٢٠ زانکۆی حکومی و دەیان زانکۆی ئەهلی لەکوردستان بوونیان هەیە، بەڵام بۆئەوەی ئەم پرۆسەیە بە خێرایی بەڕێوە بچێت، ئێستا بە هەزاران قوتابی و خوێندکاری کوردستان لەتێکڕای زانکۆکانی جیهان لە (ژاپۆن تا ئەمریکا) دەخوێنن بۆئەوەی سەرچاوەی مرۆیی بکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە کوردستاندا.

٦- لە هەرێمی کوردستان تەنیا یەك سەرچاوەی دابینکردنی وزەی کارەبا هەبوو، ئەویش سەرچاوەی کارەبای بەنداوی دوکان بوو، سەرچاوەی کارەبای دەربەندیخان تەواو نەبوو بەجێهێڵرابوو، بۆیە سەرچاوەی کارەبای دوکان تەنیا پێداویستی ٪١٠ی کارەبای هەولێر و سلێمانی دابین دەکرد، کارەبای دهۆك لە موسڵەوە پچڕێنرابوو، بۆیە سەرچاوەی کارەبای دهۆك بەسترابۆوە بە تورکیاوە، لەمەش خراپتر ئەوەبوو، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکی دابڕاوبوو لە عیراق و خۆیشی دەوڵەت نەبوو، ئەوا ئەگەر ئیمکانیەتی ماددیشی هەبوایە، نەیدەتوانی بێ ڕەزامەندی ناوەند سەرچاوەی وزەی کارەبا لەهەرێم دابمەزرێنی، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەچوارچێوەی بڕیاری نەوت بەخۆراك تەنیا توانی چەند وێستگەیەکی ٢٩ میگاواتی دابمەزرێنی، کە ئەم وێستگانەش کارەبای وەك پێویست بۆ گەڕەکێك پێ دابین نەدەکرا، نەك شارێکی گەورەی وەك سلێمانی یان هەولێر یان دهۆك. ئەگەر بە وردی سەرنج لەم خاڵە بدەین، دەبینین وڵاتێك لەسەرچاوەی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی حەوتەم دا وەك توخمی سەرەکی لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا هەوڵی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هەموو تواناکانە. بۆ ئەوەی هەموو بەشەکانی حکومەت بە کارایی هەڵبسوڕێت و ببێتە جێگەی متمانە**

وزەی کارەبا بێ بەش بووە و ڕێگەشیان نەداوە سەرچاوەی وزەی کارەبای هەبێت، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ ئەم کێشەیە بە ئاستێك چارەسەر کراوە، کە ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بۆ ٢٦٠٠ مێگاوات بەرز بۆتەوە لە پلانیش دایە لە ٢٠١٤ بۆ ٦٠٠٠ مێگاوات بەرز بێتەوە، بێجگە لەوەی هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان تۆڕی کارەبایان گەیشتۆتێ، لەهەمانکاتدا لە سەرچاوەکانی وزەی کارەبای هەرێمەوە وزەی کارەبا بە بڕی ٥٠ مێگاوات بۆ پارێزگای موسڵ و ٢٥٠ مێگاوات بۆ پارێزگای کەرکوك دەنێردرێت.

ئەم خاڵانە کە تەنیا ئاماژەکردنن بە چەند لایەنێکی کەمی بونیادنانی ژێرخان، بۆ هەرێمی کوردستان لە دەسپێك و ئەولەویەتدا بوون بۆ ئەوەی ببنە سەرەتایەك بۆ ئەوەی هەرێم بتوانێت بەرەو پرۆسەی پەرەپێدانی هەمیشەیی هەنگاو هەڵبگرێت.

**تەحدییەکانی قۆناخی بونیادنانی ژێرخان**

مەبەست لە بونیادنانی بونیادی ژێرخان، واتە دروستکردنی ژێرخانێك بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە چوارچێوەی حکومڕانیەکی دیموکراتی باشدا، هەروەها بونیادی ژێرخان بەمانای بونیادنانی ژێرخانێکی نەرم بۆ وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو کە

**حکومەتی کارا تێڕوانینی هاووڵاتی لە نائومێدبوونەوە دەگۆڕێت بە تێڕوانینێکی بە ئومێدانە بۆ کۆمەڵگە**

لەم قۆناخە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە وەك، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، دروستکردنی ڕێگاو بان، دامەزراندنی تۆڕی پێوەندییەکان، چارەسەرکردنی کێشەی نیشەجێبوونی هاووڵاتیان، دروستکردنی قوتابخانە و سیستمی خوێندن، دروستکردنی نەخۆشخانە و سیستمی تەندروستی، بونیادنانی ژینگەیەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و ئازادی ڕادەربڕین و دەسەڵاتی سەروەریی یاسا، هەربۆیە ئەمە جیاوازە لە بونیادنانی ژێرخانێکی ڕەق بۆ بونیادی وڵاتێکی پیشەسازی هاوچەرخ، ئەمە ئەگەر ئامانجی بونیادنانی ژێرخان بێت لەوڵاتێکی تازە پێگەیشتوودا، ئەوا ئامانجێکی کورت دوور مەودا دەبێت نەك ئامانجی ئێستای. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە مەبەستمان دەسپێك یان سەرەتای بونیادنانی ژێرخانە، ئەوا وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە کۆمەڵێك خاڵدا هاوبەشن کە ئەو کۆمەڵە خاڵە ڕووبەڕووی تەحدی گەورەیان دەکاتەوە و سەرکەوتنی حکومەت لەزاڵبوون بەسەر ئەو تەحدیانەدا دەبێتە پێوەرێك بۆ ئەدای ئەو سەرکردە دیموکراتییەی کە حکومەتێکی کارا بۆ دامەزراندنی حکومڕانی باش سەرۆکایەتی دەکات، ئەو خاڵە هاوبەشانە بریتین لە:

١- لە هەموو وڵاتانی تازە پێگەیشتوو سەرچاوەی داهات بۆ بونیادنانەوە کەمە، ئەم دیاردەیە بۆ کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، لەبەر ئەوەی پێداویستی بونیادنانەوە و بونیادنانی ژێرخان زۆر زۆری لەوە زیاتر پێویستە کە لەبەر دەستە، بۆیە زۆرجار نەبوونی سەرچاوەی داهاتی پێویست بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە هەنگاویش بەرەو دیموکراتی هەڵدەگرن و دەکەونە ژێرگوشاری ڕاستەوخۆی هاووڵاتیانەوە، ئەوا پرۆسەکە یان شکست دەهێنێت یان کوالیتی بەرز نابێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەمەوە هەستی بەوەکردووە کە ئەم حاڵەتە ڕووبەڕووی پرۆسەی بونیادنانی ژێرخانی وڵات دەبێتەوە، بۆیە بیری لەوە کردەوە سوود لەو دەسەڵاتە دەستووریانە وەربگرێت کە هەرێم هەیەتی ئەویش بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی نەوت، بۆ ئەوەی داهاتی ئەم نەوتە هەم پرۆسەی بونیادنانی ژێرخانی هەرێم و پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانی عێراق سەربخات.


**کۆکردنەوەی توخمەکانی حکومڕانی و خەڵك، دەبێتە هۆکاری ئەوەی خەڵك هەست بکات کە ئیرادەی گشتی لەسەروو هەموو ئیرادەیەکەوەیە**

٢- پرۆسەی بونیادنان و بونیادنانەوەی ژێرخان پێویستی بە کادری تەکنۆکراتی ئاست بەرز هەیە، لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەم جۆرە کادرانە کەمن، یان هەشبن لەسەر تەکنەلۆژیایی نوێ مەشق و ڕاهێنانیان پێ نەکراوە، بۆیە لە دەسپێکی ئەم پرۆسەیە دەبێت پەنا بۆ کادر و کۆمپانیای دەرەکی و تەکنەلۆژیای سەردەم ببرێت، کە ئەمەش لە بارێکدا وادەکات کادرانی تەکنۆکراتی ناوخۆ هەست بە نارەزاییەك بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم بوارە پارەیەکی هێجگار زۆر دەبات.

٣- بۆ ئەو وڵاتە تازە پێگەیشتووانەی هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵدەگرن، ڕووبەڕووی چەند تەحدییەکی دیکەش دەبنەوە، وەك ئەوەی لەسەر ئاستی ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان داوایان لێدەکرێت بونیادنانەوەی ژێرخان بەوجۆرە بێت کە ببێتە ژێرخان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام، هەروەها دەبێت ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەك بەڕێوە بچێت و سەربخرێت کە زیانی بۆ ژینگەی وڵاتەکە نەبێت و ژینگە پیس نەکات، ئەمانە و چەندین تەحەدی دیکە.

لەناو ئەم تەحدیانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی بونیادنانی ژێرخان دەبێتەوە، حکومەتێکی وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت دیراسەتی جەدوای ئابووری و قابیلەیەتی گەشەی ژیانی لەوڵاتەکە کردبێت، بۆیە لەم لایەنەوە وەك لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە کابینەی حەوتەمەوە بە ڕاشکاوی هەستی پێدەکرێت، بەوەی حکومەت لەم قۆناخە پێویستی بەهاوکاری هاووڵاتیان و خەڵکی خۆیەتی و بەبێ هاوکاری و بەشداری خەڵك ئەم پرۆسە گەورەیەی پێ سەرکەتوو نابێت، بۆیە لە ئێستادا بەو ئاراستەیە هەوڵەکانی حکومەت دەبینرێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك توخمی سەرەکی لەناو پرۆسەی حکومڕانی کوردستاندا هەوڵی بۆ ئەوەیە بە ئاراستەیەك هەنگاو هەڵبگرین کە هەموو تواناکان کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخات، بۆ ئەوەی هەموو بەشەکانی حکومەت بە کارایی هەڵبسوڕێت و حکومەت ببێتە حکومەتێکی کارای ئاست بەرز و جێگەی متمانە و بە شێوەیەکی ماقووڵ هەڵبسوڕێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئەو یارییە دۆستانەی کە بڕیارە لەنێوان تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و داهاتی ئەو یارییەش بۆ خەڵك سەرفدەکرێت، هەنگاوێکی دیکە بێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەك کە خەڵك و پەرلەمان و حکومەت لە بازنەیەکدا کۆبکاتەوە، سەرەتای بیرکردنەوەیەکی نوێ بێت کە حکومەت و پەرلەمان بە گیانی وەرزشی یەکتری قبوڵ بکەن و پێکەوە لەناو پرۆسەی حکومڕانی کوردستاندا کار بۆ شەفافیەت و سەروەریی یاسا بکەن.

**گرنگە حکومەت بە یاسا سەرچاوەی پێدانی زانیاری فەراهەم بکات و بەپێی یاسا تەمویلی میدیا بکات. یان لانی کەم حکومەت لەسەرەتادا خۆی خاوەنی دەزگایەکی میدیایی بێت زانیاری دروست ڕەوانەی فەزای گشتی بکات**



**کاتێك لەناو فەزای گشتی تێگەیشتن لەنێوان حکومەت و خەڵك دروست دەبێت. ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت ئۆپۆزسیۆنێکی سلبی بێت و دەبێت لەناو هەیکەلی فەزای گشتی حساب بۆ ئیرادەی خەڵك و خواستەکانی خەڵك بکات**

**پرۆسەی حکومڕانی لەناو فەزای گشتیدا**

لەدەسپێکی کابینەی حەوتەم و لەسەر بەرگی یەکێك لە ژمارەکانی گوڵان، خۆزگەیەکمان بۆ کابینەی حەوتەم دەربڕی بەوەی دەبێت لەم کابینەیە (خەڵك ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی وەزیران بێت)، ئەمەشمان بەو مانایە بەکارهێنابوو هەتا ئەگەر سەرۆکی حکومەت یان جێگرەکەی یان چەند وەزیرێکی بەڕێز کە ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران بە هەر هۆیەك بێت لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەنەبن، ئەوا خواست و دوای خەڵك ئەو ئەندامە هەمیشەییە کە لەهیچ کۆبوونەوەیەك بزر نابێت، لەماوەی شەش مانگ یان زیاتر لە دەسپێکی ئەم کابینەیە ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەی خواست و داواکانی خەڵك لەناو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەیە، ئەمە بەو مانایە ناڵێین لە کابینەکانی پێشتر بیر لە خواست و داواکاری خەڵك نەکراوەتەوە، نەخێر بەو مانایە دەیڵێین خەڵك کابینەکە ئاڕاستە دەکات نەك کابینەکە خەڵك ئاراستە بکات، هەر بۆ نموونە خەڵك پێویستی بە ئاوی خواردنەوەیە، ئەمە بۆتە ئەولەویەتی وەزارەتی شارەوانی، خەڵك پێویستی بە یەکەی نیشتەجێ و ڕێگاوبانە ئەم دوو سێکتەرە بوونەتە ئەولەویەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، خەڵك بە دەست خراپی کوالیتی دەرمانەوە دەناڵێنێت، دیاردەی بنبڕکردنی گەندەڵی و قاچاغی بواری دەرمان بۆتە بەرنامەی سەرەکی



حکومەت و وەزارەتی تەندروستی، ئەم هەنگاوانەی حکومەت کە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دارێژراو هەموو وەزارەتەکانی گرتۆتەوە، بەرەو ئەو ڕاستیەمان دەبات حکومڕانی لە کوردستان کۆی توخمەکانی حکومڕانی و خەڵك دەگرێتەوە، ڕاشکاوانەتر، لەبری ئەوەی خەڵك ناراستەوخۆ بەشداری حکومڕانی بکات، ئێستا لە کابینەی حەوتەم هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیەن خەڵك ڕاستەوخۆ بەشداری بکات، کەواتە ئەم کۆکردنەوەی توخمەکانی حکومڕانی و خەڵك، دەبێتە هۆکاری ئەوەی خەڵك هەست بکات کە ئیرادەی گشتی خەڵك لەسەروو هەموو ئیرادەیەکەوەیە.


لەناو ئەم پرۆسە فراوانەدا کە خۆی توخمەکانی حکومڕانی و خەڵك دەگرێتەوە و لە فەزای گشتی کۆیان دەکاتەوە، حکومەت لە سیستمی دیموکراتیدا ئەو توخمە گرنگەیە کە ئاڕاستەی حکومڕانی دیاری دەکات، بە مانایەکی دیکە حکومەت چەند کارا بێت و چەند وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵك بێت، بەو ئاستە دەتوانێت سەرلەنوێ بنەمای ئەخلاقی موناقەشە لەناو فەزای گشتی ڕێکبخات و موناقەشەکانی ناو فەزای گشتی ببنە ڕەخنەی بونیادنەر و پێشنیار و داهێنانی بەدیل بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان، لەم ڕاستەوە دەکرێت ئاماژە بەچەند گۆڕانکارییەك بکەین:

١- حکومەتی کارا تێڕوانینی هاووڵاتی لە نائومێدبوونەوە دەگۆڕێت بە تێڕوانینێکی بە ئومێدانە بۆ کۆمەڵگە.

٢- ئاراستەی ڕەخنەی خەڵك لە ڕەخنەی سلبییەوە دەگۆڕێت بۆ ڕەخنەی ئیجابی و بونیادنەر و هەروەها هاووڵاتی لە تەماشاکاری پرۆسەی سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ بەشدار لەنێو پرۆسەی سیاسیدا.

٣- دەسنیشانکردنی ئامانج لەناو موناقەشەکانی فەزای گشیدا، ئەم ئامانجە کە دەبێتە ئامانجی هاوبەشی خەڵك و حکومەت، فەرزی دەکات لەنێوان خەڵك و حکومەتدا لێکتێگەیشتن دروست بێت، لەبەر ئەوەی هەردوولا خەڵك و حکومەت پێکەوە کار بۆ ئامانجە هاوبەشەکە دەکەن، بۆیە ئەم ئامانجە هاوبەشە دەبێتە بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ موناقەشەی نێوان خەڵك و حکومەت کە ئەویش گەڕان دەبێت بەدوای پێشنیار و بەرنامەی بەدیل بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی نێوانیان کە ئەویش چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانە.

٤- کاتێك لەناو فەزای گشتی تێگەیشتن لەنێوان حکومەت و خەڵك دروست دەبێت،





ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت ئۆپۆزسیۆنێکی سلبی بێت و بەسپی بڵێت ڕەش و بە ڕەشیش بڵێت ڕەش، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئۆپۆزسیۆن دەبێت لەناو هەیکەلی فەزای گشتی حساب بۆ ئیرادەی خەڵك و خواستەکانی خەڵك بکات.

**٥-** لەناو فەزای گشتی میدیا ناتوانێت خۆی وەك کۆمپانیایەك سەیربکات و هەواڵ وەك شمەك و هاووڵاتی وەك کڕیار سەیر بکات، بەڵکو میدیا یان دەبێت سەرچاوەی هەناردەکردنی زانیاری بێت بۆ ناو فەزای گشتی، یان لەناو فەزای گشتی جێگەی نابێتەوە، بۆ ئەمەش گرنگە حکومەت بە یاسا سەرچاوەی پێدانی زانیاری فەراهەم بکات، هەم بەپێی یاسا تەمویلی میدیا بکات، یان لانی کەم حکومەت لەسەرەتادا خۆی خاوەنی دەسگایەکی میدیای بێت زانیاری دروست ڕەوانەی فەزای گشتی بکات.

**٦-** کۆکردنەوەی خەڵك و توخمەکانی حکومڕانی لەناو فەزای گشتی، واتە فراوانکردنی فەزای گشتی بە چەمکە نەریتیەکەی کە گرووپێکی بچووك دەگرێتەوە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئەم فرابوونە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرلەنوێ لەبەر ڕۆشنایی بەرژوەندی گشتی خەڵك فەزای گشتی ڕێکبخرێتەوە، ئەم ڕێکخستنەوەیەش وەرچەرخانێك لە هەیکەلی فەزای عام دروست دەکات، بەو ئاستەی فەزای عام دەبێتە سەرچاوەی ڕاوێژ و ڕاوێژکاری سەرەکی حکومەت، بۆ ئەوەی بە ڕاوێژ لەنێوان خەڵك و حکومەتدا چارەسەر بۆ کەموکورتیەکانی کۆمەڵگە بدۆزرێتەوە.

**٧-** لەم فەزا گشتیە تەندروستەدا، هاووڵاتی بەشێوەیەکی بەردەوام پێوەندی لەگەڵ حکومەتی خۆی دەبێت، ئاگای لە ئیمکانیەتی حکومەت و پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەبێت، لە چوارچێوەی ئیمکانیەتی حکومەت پێشنیار و ڕەخنەی بونیادنەر پێشکەشی حکومەتی خۆی دەکات، ئەمەش واتە ئاراستەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی هاووڵاتی بۆ حکومەت و حکومڕانی دەگۆڕێت، ئەگەر پێشتر خۆی بە دابڕاو دوور زانیبێت لە حکومەت و حکومڕانی، ئەوا لەم فەزایەدا وەك بەشێك لە پرۆسەی حکومڕانی سەیری خۆی دەکات، لەم پێگەیەشدا هەم شانازی بەدەسکەوتەکانی حکومەت و حکومڕانیەوە دەکات، هەم خۆشی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بە کەموکورتیەکان.





**ڕۆبەرت کاڤەلیر بۆ گوڵان:**

# ئەگەر فەزای گشتی بۆ وتووێژکردن لەسەر پرسە گشتیەکان بێتە ئاراوە خەڵک خۆی دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی حکومڕانی

**پرۆفیسۆر ڕۆبەرت کاڤەلیر ئوستادی فەلسەفەیە لە زانکۆی کارینجی میللون و بەڕێوەبەری سەنتەری CMU بۆ ئیتکی پراکتکی و فەلسەفەی سیاسی، هەروەها هاو بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیموکراتی ڕاوێژکارییە لە ولایەتی پەنسلڤانیا، بۆ قسەکردن لەسەر پێوەندی نێوان خەڵك و حکومەت و بەشداری خەڵك لە پرۆسەی حکومڕانی وڵاتدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ڕۆبەرت کاڤەلیر کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بەشداری خەڵك لەناو پرۆسەی حکومڕانی خاڵێکی گرنگی سەرکەوتنی هەر حکومەتێکە، بۆ ئەمەش گرنگە فەزایەکی گشتی هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت ڕای خۆی دەرببڕێت و ڕەخنەی بونیادنەرانە بگرێت، ئایا تاچەند گرنگە خەڵك لە پرۆسەی حکومڕانی بەشداربێت؟**

-بۆچوونێك هەیە کە پێیوایە ڕیشەی دیموکراسی لەوەدایە خەڵکی لەسەر ئاستی لۆکاڵ بتوانن لەکاتی پێویست کۆببنەوە بۆئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرس و بابەتانە بکەن کە جێی بایەخپێدانی کۆمەڵگەکەیانە، کە ئەمەش بۆی هەیە هەل و مەرجێك دروست بکات بۆ ئەو دیموکراسیەی پێی دەووترێت دیموکراتی ڕاوێژکردن «deliberative democracy» ئەویش لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە هاووڵاتیان گفتوگۆیەکی مەدەنی و گفتوگۆیەکی هۆشیارانە دەکەن لەسەر ئەو بابەتانەی دەیانەوێت تاوتوێی بکەن. هەروەها گرنگە ئەو گفتوگۆیانە پەیوەست بکرێتەوە بە نوێنەرەکانەوە، ئەو نوێنەرانەی دەتوانن دەنگی ئەو کۆمەڵگەیە بگەیەنن بە دەرەوە، بۆ نموونە بە ئەنجومەنی شارەکە، گفتوگۆکانیش لەسەر ئاستی ئەنجومەنی شارەکە پێویستی بە ئەنجامدانی کۆبوونەوە هەیە، کە دەبێت لەگەڵ نوێنەرەکان لەسەر ئاستی لۆکاڵ ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی زانیاریان هەبێت لەبارەی ئەو بڕیارانەی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، ئەگەر بتوانرێت ئەمە بە شێوەیەکی هۆشیارانە بکرێت، ئەوا دەکرێت پرس و ڕاوێژ و تاوتوێکردن لە نێوان نوێنەران و هاووڵاتیاندا بێتەدی، کە دەکرێت دواتر ئەمە بەرزبێتەوە بۆ ئاستی نوێنەرایەتی موقاتەعەکە و دواتر نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی نەتەوە.

*** بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و کاراکردنی کەرتی تایبەت، پرۆسەی گەشەی ئابووری خێراتر دەکات، ئەم هەنگاوەش بە پشت بەستن بە ئابووری بازاڕ دەست پێدەکات، ئایا تا چەند ژێرخانی ئابووری بۆ ململانێی ئابووری گرنگە؟**

- پێموایە جۆری ئەو دەستپێشخەریانەی لە چوارچێوەی کەرتی تایبەتدا دەخرێنەڕوو، پاڵنەر لای کۆمەڵگەکە و لای تاکەکەسەکان دەخولقێنێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە هێنانی ئامانجەکانی ژیانیدا، ئەمەش لایەنێکی گرنگە لەوەی پێی دەڵێن بازاڕی ئازاد، بەڵام بازاڕی ئازاد بە تەنیا بەس نییە بۆ هێنانەدی دیموکراسیەکی تۆکمە و پاڵپشتیکراو. کەواتە بە یەکداچوونێك هەیە لە نێوان بازاڕ و حکومەت و ئەو بوارەدا کە خەڵکی لەسەر ئاستێکی بچووك کار و پرۆژەی خۆیان بەڕێوەدەبەن-بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی ئەمەریکا-، کە ناتوانن داهات و پارەی خۆیان لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بخەنەگەڕ، کەواتە ئەمە پێکهاتەیەکە لە بازاڕ و حکومەت و ئەو کەشەی کە بواری یەکسان بە هەموو کەس دەدات. ئەو کاتە دەتوانیت پەرە بە دیموکراسیەکی تۆکمە بدەیت.

*** لە کۆمەڵگەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کۆمەڵێك دیاردەی تازە لە ناو فەزای عام کۆدەبێتەوە و ئەم گۆڕانکاریانە هەیکەلی پێکهاتەی فەزای عام دەگۆڕێت، واتە ژینگەیەك دروست دەکات بۆئەوەی ڕۆشنبیری دیموکراتی دروست بێت، ئایا تا چەند وەرچەرخانی هەیکەلی فەزای عام بۆ ڕۆشنبیری دیموکراتی گرنگە؟**

- زۆرێك لەم مەسەلانە دەگەڕێنەوە بۆ هابرماس، كە لە زۆر ڕووەوە بە باوكی مەزنی تێگەیشتنی هاوچەرخ لە دیموكراتی ڕاوێژپێكردن «deliberative democracy» دادەنرێت، واتە ئەگەر بتوانیت هەلومەرجی گفتوگۆیەكی گشتی بخولقێنیت لەبارەی پرسە گشتییەكانەوە، ئەوا دەكرێت ئەم گفتوگۆیانە لەلایەن بڕیار بەدەستانەوە گوێیان لێبگیرێت و پشتیوانیان لێبكرێت، ئەو كاتە تەفاعولێكی باش لە نێوان كۆمەڵگەی مەدەنی و حكومەتدا دروست دەبێت. بەم دواییە ئێمە ئەزموونێكمان هەبوو لە قەتەر، كە لە یەكێك لە كامپەكاندا... كۆمەڵێك قوتابی گفتوگۆیان لەبارەی كاریگەری گۆڕانی ژینگەوە دەكرد لەسەر ئاسایشی خۆراك، قەتەر ئامادەییەكی زۆری نەبوو بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی پرسی دیموكراسیەوە، بەڵام كەلتوری تاوتوێكردن و پرس و ڕاگۆڕینەوەیان هەیە، كە پێی دەووترێت ئەنجوومەن، كە لەو ئەنجوومەندا كەسە بە تەمەنەكان گفتوگۆی پرسەكان دەكەن و دواتر ئەنجامی گفتوگۆكە بەرز دەكەنەوە بۆ ئەمیر. كە توانیان بە شێوەیەكی عەلمانی، یان بە شێوەیەك كە زۆر پشت بەو بونیادانە نەبەسترێت، خۆیان گرێبدەنەوە بە چالاكیە كەلتوری و ڕۆشنبیریەكانەوە، بۆ ئەوەی دواتر ئەوە بەرفراوان بكەن بۆ بوارە گشتییەكە، كەواتە شتێكی یارمەتیدەرە ئەگەر چالاكی ڕۆشنبیری هەبێت كە دواتر بگوازرێتەوە بۆ بواری گشتی. لە بواری زانستی سیاسیدا دیراسەت هەیە پێیوایە دانانی ئەجێندا و تەلاعوبكردن بە مەسەلە گشتیەكان. پێموایە بەو شێوەیە خەڵكی متمانە لەدەست دەدەن بەوەی مەسەلە ڕاستەقینەكان گفتوگۆی ڕاستەقینەیان لەبارەوە بكرێت. كەواتە كاری ئێمە لە «program for deliberative democracy» ئەوەیە كە پشت بە زەمانە دەستووریەكانی پەیوەست بە ئازادی ڕادەبڕین و كۆبونەوە و دەستەبەركردنی مافی دەنگدان بەبێ جیاوازی، ببەستین، لەوەش زیاتر كار بۆ خولقاندنی هەلومەرجێك بكەین كە گفتوگۆیەكی هۆشیارانە بكرێت. هاوەڵەكەم.. جیم فیشكن بەرنامەیەك بەڕێوەدەبات بە ناوی ڕاپرسی ڕاویژكاریانە «deliberative polls» كە بە شێوەیەكی هەڕەمی پێوندی بە هاوڵاتیانەوە دەكرێت و پرسیاریان لێدەكرێت ئایا ئامادەن تەواوی ڕۆژێك لە گفتوگۆیەكدا بەشداربن، ئەگەر وەڵامەكەیان بەڵێ بێت، ئەوا فۆرمی ڕاپرسیەكە پڕدەكرێتەوە و هەفتەیەك پێشتر زانیاری لەبارەی بارودۆخی ئابووری، یان چاودێری تەندروستی یاخود ژینگەوە پێدەگات و دواتر لەسەر مێزێكی بازنەیی كۆدەبنەوە و گروپی بچووك پێكدەهێنن بۆ گفتوگۆكردن و پرسیارەكان ڕەوانەی دەستەی شارەزایان دەكەن و ئەوانیش بۆ مامۆستاكانی ڕەوانە دەكەن و ئەوانیش وەڵامی ئەو پرسیارانەی هاووڵاتیان دەدەنەوە و دواتر كۆدەبنەوە و فۆرمی ڕاپرسیەكە پڕدەكەنەوە، ئەو كاتە ڕای هاووڵاتیانت لەبارەی مەسەلەیەكەوە بۆ دەردەكەوێت كاتێك زانیاریان لەبارەی ئەو بابەتەوە پێدەدرێت و لە نێو خۆیان و لەگەڵ شارەزایاندا گفتوگۆی لەسەر دەكەن. ئەزموونی ئێمە ئەوەی پێ وتوین كە سیاسییەكان- سەر بە هەر پارتێكی سیاسی بن- بایەخ بەم ڕووداوانە دەدەن، لەبەر ئەوەی باشتر درك بە ڕای گشتی دەكەن- كە ئەو ڕای گشتیە لەسەر بنەمای زانیاری گەڵاڵە بوویێت، واتە لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە ئایا سەنتەری دیموكراسی دەنگدانە، یاخود ڕەهەندێكی دیكەشی هەیە كە بریتییە لە گفتوگۆكردن و تاوتوێكردن و پرس و ڕاگۆڕینەوە لەسەر مەسەلەكان، ڕاسپاردەی ئێمە ئەوەیە كە فۆرمێكی دیكەی پرۆسەی بڕیاردان جێبەجێ بكرێت كە تێیدا پرس و ڕاگۆڕینەوە و بە دامەزراوەییكردن لە خۆبگرێت.

*** میدیا لەم قۆناخەدا لە ناو فەزای عام و دروستكردنی ڕای گشتی ڕۆڵێكی كاریگەری هەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند میدیا لەم قۆناخەدا دەتوانێت هاوكاری پرۆسەی پەرەپێدان و سەركەوتنی قۆناخی ئینتیقالی بێت؟**

> **ڕاگەیاندن بەشداری پێبكەین لەو مەسەلانەدا كە جێی بایەخپێدانی هەموو خەڵكن. وەك گۆڕانی ژینگە و بارودۆخی ئابووری**

- ڕاگەیاندن لایەنی باشی هەیە، كە ئەمە ئەنتەرنێتیش دەگرێتەوە، هەروەها لایەنی دیكەی هەیە كە مایەی گیروگرفتە، ئەو كاتە گیروگرفت دروست دەبێت كە ڕاگەیاندن مەسەلە ئاڵۆزەكان كورت بكاتەوە لە گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان دوو كەسدا. شێوازی بەكارهێنانی ڕاگەیاندن لە بواری گفتوگۆی گشتیدا، ئەوەیە ڕاگەیاندن بەشداری پێبكەین لەو مەسەلانەدا كە جێی بایەخپێدانی هەموو خەڵكن، وەك گۆڕانی ژینگە و بارودۆخی ئابووری، ئەم كارەش بە شێوەیەك بكرێت كە ئەنجامی گفتوگۆكان بڵاوبكاتەوە لە ماوەی هەفتەیەكدا كە تێیدا ئەنجام دراوە. ...ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێكی گرنگ ببینێت لەم مەسەلەدا، بە چەشنێك ئەو خەڵكانەی ئامادەی گفتوگۆ نەبوون، لەبارەیەوە دەخوێننەوە، كاتێك هاووڵاتیان دەرفەتی گفتوگۆكردنیان پێدەدرێت، ئەوا لەوانەیە لە سەدا ٦٠ یان ٥٠ یان ٨٠ ئەو خەڵكانە بۆچوونێكی دیاریكراویان هەبێت، واتە تۆ ژمارەیەك یان ڕێژەیەكت دەست دەكەوێت لەبارەی بۆچوونی ئەو هاووڵاتیانەی گفتوگۆ لەبارەی پرسێكەوە دەكەن لە نێو خۆیان و لەگەڵ شارەزایاندا، ئەویش كاتێك زانیاریان لەبارەی ئەو پرسەوە پێدەدرێت...كەواتە ڕاگەیاندن بایەخ بەو مەسەلانە دەدات، كەواتە ئەوە یەكێكە لە ڕۆڵەكانی ڕاگەیاندن، لە كردنی پرسی ڕاگۆڕینەوە بە بەشێك لە پرۆسەكە. یەكێكی دیكە لە ڕێگاكان بریتییە لەو دەستپێشخەریانەی لە ڕووی یاساییەوە پێویستی بە ئەنجامدانی كۆبوونەوەی گشتی هەیە.

*** لایەنێكی دیكە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو كرانەوەیە بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەداری، لەم قۆناخەدا كە دامەزراوەكانی كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت وەك پێویست نەچەسپیون، بۆیە ئەم كرانەوەیە دەبێتە هۆكاری ئەوەی دیاردەی گەندەڵی دەربكەوێت، ئایا چۆن دەتوانرێت ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە لەم قۆناخەدا؟**

- ئێمە بەم دواییە لەگەڵ حكومەتی پەنسلڤانیا و ئەو كۆمپانیایانەدا كارمان كرد كە پەریان بە سەرچاوەكانی غاز دەدا، لەچوارچێوەی كاركردنماندا ڕاستە كۆمەڵێك ڕێسای پەیوەست بە پاراستنی ژینگەمان هەبوو، هەروەها ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە ئاشكراكردنی بڕی ئەو پارانەی تەحویل دەكرێن، گومان لەوەدانییە كە بوونی ڕێساگەلێكی باش كارێكی گرنگە. ئومێدی ئێمە ئەوەبوو ئەو كۆمپانیایانەی ئەم كارانە دەكەن لێهاتووبن، لێهاتووبن لە دوو ڕووەوە: لە ڕووی تەكنیكیەوە، كە بە بەرزترین ستاندارد كاربكەن و ئەگەر هەڵەیەكیش هەبوو پێی لێبنێن، دووەم لە ڕووی ئیتیكیەوە لێهاتووبن، واتە ئەو كەسانەی لە بواری سەرچاوە سروشتیەكاندا كاردەكەن لە ڕووی ئیتیكیەوە لێهاتووبن، ئەمە ئومێدە. هەروەها یەكێكی دیكە لەو كارانەی كردوومانە ئەوەیە هاووڵاتیان گفتوگۆ لەبارەی لایەنە جیاوازەكانیەوە بكەن.....دەركەوتووە هاووڵاتیان پتر هەست بە ئاسوودەیی دەكەن لە كاتی گفتوگۆكردن لەبارەی ئەم ڕێسا و بەرپرسیارێتیانەوە، بۆیە دەكرێت نوێنەرایەتی ئەو پیشەسازیە ڕاوبۆچوونی هاووڵاتیان بزانن بۆ ئەوەی هەست نەكەن كە ئەوان دوژمنیانن، كە دووبارەی دەكەمەوە ئەمە پێویستی بە لێهاتوویی هەیە، لەسەر ئاستی تەكنیكی و لەسەر ئاستی ئیتیكی.

# لە عێراقی مالکی و حزبی دەعوەدا چی تازە دەگوزەرێت؟

**ئەمڕۆ گەلی عێراق سەرلەنوێ ڕووبەڕووی دکتاتۆرییەتێکی تازە دەبێتەوە،هەرچەندە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە گوایە دەستووری عێراق و ئەنجوومەنی نوێنەران ڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئەو دیکتاتۆریەتەو کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە.**

**دیارە بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بەردەوام بوونی ئەم حکومەتەو سەرۆکەکەی لەو سیاسەتەیان خەریککردنی لایەنە سیاسییەکانە بەوەرگرتنی دەستکەوتی سیاسی و دارایی تاکو لەئاست ئەم لاسارییە بێدەنگ بن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەندێ کەس لە شان وشەوکەتی سەرۆکوەزیران بەرزدەکەنەوە، لە کاتێکدا تەنگژەکان درێژەیان هەیە.**

**بۆیە بێدەنگبوون لەئاست ئەو ستەم ونادادپەروەرییەی لە عێراق دەگوزەرێت، بەرپرسیارییەتێکی گەورەیە لە پێناو دابین کردنی ئازادییە گشتییەکان و پاراستنی تاکەکان و دەستوری عێراق.**



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گولان نووسیویەتی

کاتێك بە وردی سەیری پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە عێراقدا دەکەین، وێڕای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بە ئاشکرا تابلۆیەکی بەرجەستەکراوی سیاسەتی حزبی دەعوەو نوری مالکیمان بۆ دەردەکەوێت،بەم شێوەیە:

١- پەرەسەندنی سیاسەتی تایفی و ململانێ و زیادبوونی کردەوەی تیرۆریستی و کوشتن بەناوی سیاسەت کە لە ٤ ی مانگی ئەیلولدا بە شێوەیەکی یەکجار ترسناك عێراقی گرتەوە کاتێك زیاتر لە ٩٤ شەهید و سەدان بریندار لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی عێراق لێکەوتەوە،ئەمەش بە ئاشکرا گوزارشت لەوە دەکات کە ئاسایش و هێمنی و سەقامگیری لەو وڵاتە مەحاڵەو دەزگاکانی ئەمنی توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان نەماوەو ئەو حکومەتە بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی ئەوەی نییە پارێزگاری لە ژیان وسەرو ماڵی هاووڵاتیان بکات.

٢- زەوتکردنی ئازادییەکانی گشتی و سەرپێچی کردنی ئاشکرای بەندەکانی دەستووری عێراق و ڕێکەوتنامەی مافەکانی مرۆڤ، لێرەشدا ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بدەین بەو هێرشە دڕندانەی بەردەوام دەکرێنەسەر ڕێکخراوەو یانەو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆقاندنی کارمەندان و لێدان و سووکایەتی پێکردنیان و تێکشکاندنی کەلوپەلەکانیان بە ناو و فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان .

٣- زیادبوونی گەندەڵیی دارایی و ژمارەی مشەخۆرەکانی ملیاردێرو ملیۆنێری دۆلار،دیارە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەوروپشتی سەرۆك وەزیران و فەرمانگەکانی سەر بەئەون و سوودمەندی بەرژەوەندییەکانن.

٤- بەردەوام بوونی بێکاریی ئاشکرا و بێکاریی داپۆشراو ئەگەر بە پێی داتاو ئامارەکانی دەزگا فەرمییەکانیش بێت، ئەوا بێکاریی ئاشکرا ڕێژەکەی لە ١٥٪ی ئەو هێزە زیاترە کە توانای کارکردنی هەیە،بەڵام لە ڕاستیدا ڕێژەکە زۆر لەوە زیاترە.

٥- بەردەوام کەمیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە تایبەتیش کارەبا و پەرەسەندنی کێشەی کەمیی ئاو لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا.

٦- زیادبوونی کاریگەریی سیاسیی کلتووری نابەجێی مالکی و حزبەکەی و ڕەنگدانەوەی لە هەڵسوکەوتی نالەباری کۆمەڵایەتی بەرامبەر ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی و هەوڵدانی بەردەوام بۆ خەفەکردنی رۆڵی رۆشنبیر و دیموکراسیخوازان لە ژیانی رۆشنبیریی گشتی لە عێراق و زێدەخەرجیی لە پارەو سامانی گەنجینەی دەوڵەت لە رێکخستنی رێورەسمی سازکردنی سەردانی ساڵانەی ملیۆن شیعە کە دەبێتەهۆی کەوتنەوەی رووداوی دڵتەزێن کە لەو وەرزەدا بە دەیان کەس دەبنە قوربانی کردەوەی تیرۆیستی .

٧- ئارەزوویەکی لەرادەبەدەری سەرۆک وەزیران لە کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە سەربەخۆکان لەوانە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردەکان و بانکی ناوەندی و هەوڵدان بۆ ئەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندیی حزبەکەی و مەرامەسیاسییەکان بەکاریان بهێنێت، ئەمە وێرای کۆنترۆڵکردنی تەواوی وەزارەتی بەرگری و ئاسایشی ناوخۆو رۆشنبیری.

٨- زێدەبوونی کاریگەریی ئێران لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی عێراق و کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر حزبی دەعوە و خودی نوری مالکی.

٩- هەڵوێستی ناعەقڵانی و نامرۆیی سەرۆکی حکومەتی عێراق و پشتیوانیکردن لە رژێمی سوریا کە یارمەتی مانەوەی رژێمەکە دەدات.

ئەوەی بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە نەبوونی ئاراستەو بۆچوونێکی روونە لای حکومەتی عێراق بە دانانی نەخشەیەکی تایبەت بە سیاسەتی عاقڵانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پێناو دەربازبوون لەو قەیرانە سەختە ئابوورییەی کە عێراق پێیدا تێپەڕدەبێت.

**ئارەزوویەکی لە رادەبەدەری مالیکی سەرۆک وەزیران هەیە لە کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە سەربەخۆکان لەوانە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردەکان و بانکی ناوەندی و هەوڵدان بۆ ئەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندیی حزبەکەی و مەرامە سیاسییەکان بەکاریان بهێنێت**

ئەمرۆش گەلی عێراق سەرلەنوێ رووبەڕووی دکتاتۆرییەتێکی تازە دەبێتەوە،هەرچەندە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە گوایە دەستووری عێراق و ئەنجوومەنی نوێنەران رێگرن لەبەردەم پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئەو دیکتاتۆرییەتەو کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە.

دیارە بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بەردەوام بوونی ئەم حکومەتەو سەرۆکەکەی لەو سیاسەتەیان خەریککردنی لایەنە سیاسییەکانە بەوەرگرتنی دەستکەوتی سیاسی و دارایی تاکو لەئاست ئەم لاسارییە بێدەنگ بن، بۆیە لەم روانگەیەوە هەندێ کەس لە شان وشەوکەتی سەرۆکوەزیران بەرزدەکەنەوە ئەوانیش خۆیان لە سێ نموونە بەرجەستەدەکەن:

نموونەی یەکەم: تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنەکان کە پێچەوانەی بەندەکانی دەستوور و بڕیاری دادگای فیدراڵییە ئەویش بە دزینی دەنگی هاووڵاتی دەنگدەر بۆ بەرژەوەندیی هێزە براوەکان.

نموونەی دووەم: بێدەنگیی تەواو دەربارەی هێرشی دەسەڵاتدارو سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بۆسەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یانە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان و داخستنیان و پەلاماردانی ئەندامەکانیان.

نموونەی سێیەم: بێهەڵوێستیی حکومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران سەبارەت بە دەرنەکردنی یاسای حزبەکان و دەست بەسەرداگرتنی زۆربەی دەزگاو دامەزراوە سەربەخۆکان لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە. لە کاتێکدا کە ئەمرۆ رووبەڕووی ئەم تەنگژەیە دەبینەوە، بەڵام تەنگژە گەورەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چەندین دیاردەی نێگەتیڤ هێشتا درێژەیان هەیە کە واپێویست دەکات کاری چڕوپڕ لەلایەن هێزو لایەنە دیموکراسییەکانەوە ئەنجام بدرێت بۆ گۆڕینی ئەم حاڵەتە، لێرەشدا گلەیی دەکەم لە:

١- بوونی حاڵەتێکی پشتگوێخستن لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەرامبەر بەو رووداوانەی لە وڵاتدا لە ئارادان،بە تایبەتیش لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە، لەبەرئەوەی سەرۆك وەزیران و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان میللەتیان بە ململانێی تایفی و سەردانی ملیۆنی و پشووی بەردەوام خەریك کردووە.

٢- چاوپۆشینێکی کردەیی هەندێك حزبی سیاسی کە لە حوکمدا بەشداران جا بەهۆی دەستکەوتی تایبەت بێت یاخود لەبەر سازشکردن بێت لەگەڵ حزبی یەکەمی فەرمانڕەوا(حزبی دەعوە) ومالکی،ئەوان ئەو

**زێدەبوونی گەندەڵیی دارایی و ژمارەی مشەخۆرەکانی ملیاردێرو ملیۆنێری دۆلار، دیارە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەوروپشتی سەرۆك وەزیران و فەرمانگەکانی سەر بەئەون و سوودمەندی بەرژەوەندییەکانن**

حزبە وا پیشاندەدەن کە نوێنەری شیعەیەو هاوپەیمانی شیعە-کوردە.

٣- لاوازیی چالاکی وبزاڤی رۆشنبیران لە عێراقدا دژی ئەو سیاسەتانەی سیستەمی فەرمانڕەوا پیادەیان دەکات.

٤- بێدەنگیی نێودەوڵەتی سەبارەت بەو رووداوانەی عێراقیان گرتۆتەوە لە رووی زەوتکردنی ئازادییە گشتییەکان، بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەو بانگەوازەی نووسینگەی راپەڕاندنی هێزەکانی رەوتی دیموکراسی عێراقی دەریکرد بە ئاشکرا ئاماژە بۆ چەند زێدەڕۆییەك لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەکات کە وڵاتی گرتۆتەوە تێیدا داوای یەکخستنی ریزەکان دەکات، هێزەکانی رەوتی دیموکراسی چەندین بەڵگەی لەژێر دەستدایە سەبارە بە زێدەڕۆییەکانی مالکی کاتێك سوێندی خواردووە کە:

رێز لە دەستووری عێراق و مافی مرۆڤ بگرێت و دەسەڵاتەکان لە یەکدی جودا بکاتەوەو دژی ستەم و زۆرداری بوەستێتەوەو بەرهەڵستیی هەوڵی گەڕاندنەوەی رژێمی پێشوو بکات لە زەوتکردنی ماف وئازادییە گشتییەکان،هەروەها رەتکردنەوەی تایفیی سیاسی و پیادەکردنی پرەنسیبەکانی دەوڵەتی یاسا،بنبڕکردنی تیرۆرو هێزە تیرۆریستەکان،بەرەورووبوونەوەی گەندەڵی وگەندەڵان،بەکارهێنانی سامانی نیشتمانی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، نەك بۆ ئەوانەی پشکی شێر بۆ خۆیان دەبەن ومیللەت برسی دەکەن. بۆیە بێدەنگبوون لەئاست ئەو ستەم ونادادپەروەرییەی لە عێراق دەگوزەرێت، بەرپرسیارییەتێکی گەورەیە لە پێناو دابین کردنی ئازادییە گشتییەکان و پاراستنی تاکەکان و دەستوری عێراق.

# کورد و زانست

## (١)

رێبوار سیوەیلی *

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**گواستنەوە لە نەزانییەوە بۆ دانایی:**

لە بەسەرهاتی (سینۆهە)دا شتێك دەخوێنینەوە بەم مانایە: هەمووشتێ لە ژیانی مرۆییدا گۆڕانیی بەسەردا دێت: خۆراك، جلوبەرگ، ماڵ، شێوازی ژیان و هەر شتێکی تر، بەڵام نەزانیی بە نەگۆڕیی دەمێنێتەوە.

بەم مانایەش، نەزانیی دۆخێکی هەمیشەیی هوشیاریی مرۆڤە و دانایی دۆخێکی کاتی و لە چاوەڕوانیی زیاتردا. مێژووی ڕەگەزیی مرۆیی لە نەزانییەکی ڕەهاوە بەرەو داناییەکی ڕێژەیی هاتووە. ئێمە هەتا دێت لە نەزانیی ڕەها دوور دەکەوینەوە، بەڵام بەمانای ئەوە نییە بەرەو دانایی ڕەها دەڕۆین، چونکە دانایی تەنیا لە ڕێژەیی بوونیدا داناییەو ئەگەر بوو بە دانایی ڕەها، دیسانەوە، دەبێتەوە بە نەزانیی. بۆیە یاساکە ئەوەیە، کە دەڵێت: گشتیترین ئامانجی زانست بریتیە لە پیشاندانی ڕەوتێك، کە تیایدا تاکەکەس بتوانێت لە نەزانییەوە بگات بە دانایی. ئەم ڕەوتە شتە نامۆکان ئاشنا دەکات، نەزانراوەکان ڕووندەکاتەوەوتاکەکەسئامادەی وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی لە ئاست گشتدا دەکات، چونکە دانایی بە پێچەوانەی نەزانییەوە، بەرپرسیارمان دەکات.. ئەو کەسەی لە نەزانییەوە تاوانێك دەکات، سزای تاوانەکەی دەدات، بەڵام نەزانییەکەی وەك تاوان لێکنادرێتەوە.



بەڵام ئەو کەسەی لە زانینەوە تاوانێك دەکات، هەم سزای تاوان و هەم سزای زانینەکەیشی دەدات، چونکە دەزانێت ئەوەی دەیکات، تاوانە. ئەو کاتەی زانست تاکەکەس ڕۆشندەکاتەوە، دەبێتە زانستێکی فێرکەر، پەروەردەکەر و ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئاخۆ ئەو شتانەی بڕوامان پێیانە، ڕاستن یان هەڵە. بۆیەش ئەوەندە وشەی تاکەکەس دووبارە دەکەمەوە، تا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە زانین پێش هەموو شتێك پڕۆژەیەکی کەسیی و تایبەت و خودیە، نەك گشتی و سەرجەمگیر و ئاپۆرەیی. پرۆسەی زانستی و ئاستی ئاگایی، سەرەتا پڕۆژە و پرۆسەیەکی هەڵبژاردەگەرایانەیە، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی ئەو هەڵبژاردەیەمان لە دانایان بۆ ئامادە دەکەن، کە پێشڕەوایەتی بیری زانستی دەکەن و ڕەوتی زانستیی پێ بەپێی ئامانجە هاوبەشە مرۆیی و لۆکاڵیەکانی کۆمەڵگای خۆمان، ڕێکدەخەن.

لێرەوە، ئاساییە بپرسین: بارودۆخی زانست لە هەرێمی کوردستاندا لە چیدایە؟ کێ و کام دامەزراوانە پێشڕەوایەتی بیری زانستیی دەکەن؟ چ سیاسەتێکی زانستیمان هەیە و کامانان ئەو هێزە سیاسیانەی پاڵپشتی لە بۆچوونی زانستیی دەکەن؟ ئەگەر ئێمە لە قۆناغی پاشەکشێی زانستیداین، هۆکارەکان چین؟ ئایا وێڕای لاوازیی تیۆری و کەرەستەی تەکنەلۆژی، نەبوونی شارەزایی و هۆکاری تر، کولتوور چ جۆرە ڕێگرییەك لەبەردەم پرۆسەی زانستیدا دروستدەکات.. ئەم پرسیارەی دوایی، سوودی زۆری هەیە، چونکە لە چاوپێداخشاندنەوەیەك بە بارودۆخی زانست لە هەرێمی کوردستانی پاش ڕاپەڕین، بە تێپەڕین بە ئەزموونی پەرلەمانتاری و حکومەتداریی هەرێمی کوردستان، زۆربوونی ژمارەی زانکۆکان و بنکەی توێژینەوەو سەنتەرەکانی ڕاپرسی و زانکۆ ئەهلییەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، هێشتا پرانسیپی زانستیی لە هەرێمەکەدا جێگیرنەبووە و نەبۆتە خاوەن نۆرمی خۆی. زانست، لە زۆر

بەکارهێنانیدا گوزارەیەکی سواوە، بۆ وتنی شتێك، کە دەبوو هەبێت و نییە، یان زۆر لاوازە. بەمجۆرەش، ئەم وتارە ڕێگرە کولتوورییەکانی بەردەم بیر و پرۆسەی زانستی، بە ڕێگریی هەرە سەرەکیی لەبەردەم چارەنووسی زانستی لە هەرێمەکەدا دەبینێتەوە.

**ڕێگرە کولتوورییەکانی بەردەم پرۆسەو بیری زانستی:**

بەشێك لەو ڕێگرانەی کە کاریگەرییان لەسەر دواکەوتنی زانست و لەناوبردنی چالاکیی زانستیانە، لە کۆمەڵگادا هەیە، ڕێگری کولتوورین. ڕێگری کولتووری، بە کۆی ئەو دیوارو بەڵگانە دەگوترێ، کە کەسانێك بەناوی ڕەوایەتی و ڕەسەنێتی کولتوورییەوە، لە کۆمەڵگادا بڵاویان دەکەنەوەو ڕەواجیان بۆ پەیدا دەکەن، بەبێ ئەوەی بەڵگەی لۆژیکیانەو سەلمێنراو بن و زیاتر لە تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژی و پێش زانستی و میزاجییەوە نزیکن، تاکو تێگەیشتنی زانستیانە. ڕێگرە کولتوورییەکان زۆرجار لە بنەوانی خۆبەکەمزانیی و بێمتمانەیی کولتوورییەوە سەردەردەهێنن و کاریان بریتیە لە بێمتمانەکردنی کۆمەڵگا و بکەرەکانی ناوی، بەخۆیان.

بەڵام وێڕای بوونی ڕێگرە کولتووریەکانیش، بۆمان هەیە بپرسین ئایا کولتووری ئێمە لە بنەمادا کولتوورێکی دژە زانستیانەیە، یان پەسەندکەری زانست و بیرۆکەی زانستیە؟ ئایا بیری زانستیانە لەلای کورد بیرێکی نوێیە، یان کۆن؟ ئایا دەکرا ژیانێك بۆ کورد هەبێت لە دەرەوەی بیرۆکەی زانستی و سەرەتاو بنەما زانستیەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەرچییەك بن و تێگەیشتنمان لە زاراوەی زانست هەرچییەك بگرێتەوە، ئێمە کۆمەڵێ دیاردەی ژیانکیی و شارستانیی و جوانیناسانە لە ژیانی کورددا دەبینینەوە، کە بەبێ ئاشنایی کوردەکان بە بنەما

**ڕێگرە کولتوورییەکان زۆرجار لە بنەوانی خۆبەکەمزانیی و بێمتمانەیی کولتوورییەوە سەردەردەهێنن و کاریان بریتیە لە بێمتمانەکردنی کۆمەڵگا و بکەرەکانی ناوی، بەخۆیان**

سەرەتاییەکانی زانست و شێوەزانستی و هەبوونی کەسانێکی ئاشنا بەو بنەمایانەو بەکارهێنانیان لە ژیانی کردەیی و پیشەیی و داهێنانی خۆیاندا، نەدەبوون.

هونەرەکانی شیعر و بەتایبەتی مۆسیقا، کە کۆنترین فۆرمەکانی تەعبیرکردنی کوردن لە خۆی، بەبێ شارەزایی لە بنەماکان تەکنیك و مەهارەتی پیشەیی و دانایی بە تەکنکیی ئەو هونەرانە، وێنا ناکرێن. دەبێت بەر لەسەرهەڵدانی ئەم فۆرمانەی داهێنان، ئەو داناییە پیشەیی و هونەرییە لەلای بکەران ئامادەبووبێت، تا بەرهەمەکان بەرجەستە بکەن. بۆ دروستکردنی یەك شمشاڵ، یان دەهۆڵ، داناییەکمان پێویستە کە جۆرەکانی ڕووەك و پێستی ئاژەڵ لە یەك جیا بکاتەوە و ئەوەیان هەڵبژێرێ کە توانای بوون بە ئامێرێکی مۆسیقایی هەیە. ڕاستە کوردەکان لە نووسینەوەی نۆتەو میلۆدیەکانیانەوە دەستیان پێ نەکردووە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەتوانین، ئەو میلۆدی و نۆتانە بە زمانی زانستیانەی مۆزیك بنووسرێنەوە، نیشانەی سەرچاوەی ئەوانە لە هزرێکی شێوەزانستیدا.

تەلارسازی و خانووبەرەی ئێمەش، جگە لە ناسینێك و داناییەك بەو کەرەستانەی لێی دروستکراون، جگە لە هەڵبژاردنی مرۆڤی کورد بۆیان لە ئەنجامی ناسین و ئەزموون کردنیانەوە، کە دیسانەوە بەرهەمهێنەری جۆرێ لە زانینە لەسەر ئەو کەرەستانە، پڕن لە هونەرەکانی پێوانەکردن، هارمۆنی، هاوسەنگی، دۆزینەوەی چەقی قورسایی، ئاراستەکانی ئاسۆیی و ستوونی و گونجان و تێکهەڵکێشان، کە هەموو ئەمانە ئاشکراکەری داناییەکی پراکتیکیانەو شێوەزانستیانەی باووباپیرانی ئێمەن بە هونەری تەلارسازی و شێوەناسی و جوانیناسی.. لەبەرامبەر ئەمانەدا، شێوەژیانی کشتوکاڵیانەی ئێمەو ئەو ئەزموونەی لەو بوارەدا پێیدا تێپەڕیوین، هەمووی بەڵگەن لەسەر ناسین و دانایی بە سروشتی خاك و ئاووهەوا. هەر لێرەشەوە، کردە زانستەکانی وەك سیستەمی ئاودێری، چاندن، دروێنە، شەتڵ کردن، تووزکردن، موتوربەکردن، کە پەرچکەرەوەی فۆرمی بیرکردنەوەی زانستیانەو شێوەزانستیانەن، ئامادەییان هەیە.

بە هەمان شێوە، بیری ساخلەمی و پزیشکیی میللیی و چارەسەرکردن، دەرمانسازی و جۆرەکانی خۆپاراستن، هەموویان نیشانەکانی بیرکردنەوەی زانستی کردەیی ئەم میللەتەیان

**ئایا بیری زانستیانە لەلای کورد بیرێکی نوێیە، یان کۆن؟ ئایا دەکرا ژیانێک بۆ کورد هەبێت لە دەرەوەی بیرۆکەی زانستی و سەرەتا و بنەما زانستیەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەرچییەک بن و تێگەیشتنمان لە زاراوەی زانست هەرچییەک بگرێتەوە، ئێمە کۆمەڵێ دیاردەی ژیانکیی و شارستانیی و جوانیناسانە لە ژیانی کورددا دەبینینەوە**

پێوە دیارە. بەبێ ئەوەی ئەم قسەیە بەو مانایە بێت، کە ئێمە ئیدیعا بکەین، زانست بە تێگەیشتنە تیۆرییە هاوچەرخەکەی، وەك ئەوەی لە تاقیگەو بەهۆی ئامێرو تیۆرییەکانەوە بەرهەم دێت، بوونی هەبووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت ئەم کۆمەڵە مرۆییە، هەزاران ساڵ لەسەر خاکەکەی ژیابێت و ڕێنمایی شێوە زانستیانەی، کە بەرئەنجامی دانایی پراکتیکی و کەڵەکەبوونی زانیارین، بۆ دروست نەبووبێت. ڕاستە ئەم میللەتەش، لە نەزانییەکی ڕەهاوە، دەستی پێکردووە، بەڵام ئەگەر هەنگاوی بەرەو داناییەکی ڕێژەیی نەنایە، ئەمێستا بوونەکەی سڕدرابۆوە. لێرەوەیە کە قسەکردن لەسەر بوونی هزرە پێش زانستی، شێوەزانستییەکان و زانستیەکان لە ژیانی گەلاندا خۆی دەسەپێنێت و وێنەیەکی تەواوترمان لەسەر شوناسی مرۆیی خۆمان بۆ بەرجەستە دەکات..

بۆیە شەرم شکاندنی میللەتێك لە جیهان و پێشکەوتنەکانی، بەوە دەبێت، کە ڕابردووە پراکتیکی و داناییە شێوەزانستیەکانی خۆی بیر بخەینەوە، بۆ ئەوەی لە هەنگاوی داهاتوودا باس لەو ڕێگرە کولتووریانە بکەین، کە وایان کردووە، لە ئێستاشدا نەهێڵن پرۆسەی زانستی لە کۆمەڵگا و تەنانەت لە دامەزراوە زانستیەکانیشدا، گەشە بکات..

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەڵاحەدین**

# خەیاڵی سیاسی لەنێوان داهێنان و تەقلیددا



د. ئاراس عەبدولکەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر سیاسەت وەک جۆرێک لە زانستی مرۆیی تایبەتمەند بناسین و بڕوامان بەوە هەبێت کە زانستەکان لەهەر پرۆسەیەکی داهێنەرانەیاندا هەمیشە پشتیان بەو وزە خۆحەشاردەرە مرۆییە بەستووە کە بە (خەیاڵ) ناویدەبەین، دەبێ دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە دەبێ لەدنیای سیاسەتیشدا جۆرێکی تایبەت لەم وزە مرۆییە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەهەر پرۆسەیەکی داهێنەرانەی سیاسیدا. دەشێ ئەم بۆچوونە جۆرێک لە ئاڵۆزیی بورووژێنێ، ئەمەش بەو حوکمەی کە سیاسەت وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زیاد لەهەر دیاردە و کایەیەکی تری نێو کۆمەڵگا سروشتێکی واقیعییانەی هەیە و ڕاستەوخۆ بەر دنیاو ژیانی بنیادەمەکان دەکەوێ و باسکردن لە (خەیاڵی سیاسی) باسکردنە لە چەمکێک کە گونجان و هەڵکردنی لەنێو دنیا ناجێگیر و واقیعییەکەی سیاسەتدا جۆرێک بێت لە مەحاڵ. بەڵام لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە زیاتر تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە لەو باوەڕەدان خەیاڵی مرۆیی وەک وزەیەکی داهێنەرانە تەنیا پەیوەست بێت بەو داهێنانەوە کە تاپۆی دنیای ئەدەب و هونەرە، ئیدی بوارە زانستییەکان، چ ئەوانەی بەزانستی ورد و عەقڵیی ئەبستراکت ناسراون و چ زانستە مرۆییەکان هەموو خۆیان بەدوور گرتبێت لەم وزە خۆحەشاردەرەی کە زەحمەتە لەچوارچێوەی پێناسەیەکی دیاریکراودا ڕامبکرێت و خۆی بدات بەدەستەوە. بەڵام ئەم بڕوایە هەر لەسەرەتاوە دژ بەو ڕاستیەیە کە هەموو دەستکەوتەکانی شارستانییە جۆربەجۆرەکان لەمێژوودا، لەهەرکام لەبوارەکانی زانستی سروشتی یان وەزعی و یاخود زانستی مرۆییدا بووبن، لەبنەڕەتدا هەڵقوڵاوی ئەو وزە مرۆییەن کە بە (خەیاڵ) ناویدەبەین.

کاتێک (ئەنشتاین) دەڵێ: (هەمیشە خەیاڵ باشترە لە مەعریفە)، ئەمە لەو باوەڕەوەبیووە کە مەعریفە لەبنەڕەتدا وەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتنە وەدەستهاتووەکانە و ڕێکخستنیانە لەچوارچێوەیەکی زانستیدا، ڕوونتر بڵێین مەسەلەی مەعریفە زیاتر مەسەلەی (تەحسیل حاسڵ)ە، لەکاتێکدا خەیاڵ وزەیەکی بەکاربراوە بۆ کەشفکردنی شت و زانیاری و تێگەیشتنە کەشف نەکراوەکان، واتە ئەمیان مەسەلەی تەحسیلکردنی ئەو تێگەیشتن و زانینەیە کە هێشتا حاسڵ نەکراوە. چونکە ئەمیان لەبنەڕەتدا پشت بە هێزی کەشفکردن و ئەفراندن دەبەستێ و وەک مەعریفە پشت بە سروشتی تەلقین و تێگەیشتنی ئەبستراکت نابەستێ.

سەبارەت بە سروشتە واقیعییەکەی سیاسەت و جێبوونەوەی خەیاڵ لەنێو دنیای سیاسەتدا، دەبێ ئەوە بڵێین کە لێرەدا مەبەست لە خەیاڵ تەواو دوورە لەو مەبەستەی کە فۆرمێکی سەروو سروشتییانە و دژە لۆجیکی و عەقڵانی بێت، بەڵکو مەبەست لێی ڕێکردنی عەقڵە بەنێو ئەو فەزا فیکری و کۆمەڵایەتییانەدا کە پێشتر پێیدا ڕاگوزەر نەبووە، هاوکات لەکاتێکدا ئەم وزە عەقڵانییە پەل بۆ ئەو فەزا دوورانە دەهاوێت، بۆخۆی تەواو لەنێو ژینگە و واقیعی کۆمەڵایەتیی خۆیدا ڕەگی داکوتیوە و هەرگیز لێی جیا نەبۆتەوە. ئەوەی هەیە باڵابوون و تێپەڕاندنی سروشتی گۆڕاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە لە فیکری بیرمەندی سیاسی یان کەسی سیاسەتواندا لەمیانەی بەکاربردنی ئەو وزە مرۆییەوە کە بە (خەیاڵی سیاسی) ناودەبرێت. ئالێرەوەیە کە لەنێو هەر کۆمەڵگایەکی مرۆییدا و لەنێو هەر سیستمێکی هاوشێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا، هەمیشە کەسانێک هەن بەرزتر لەئاستی تێگەیشتن و تێڕوانینی کۆ چ لە خوێندنەوەی واقیع و گۆڕاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا و چ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو گۆڕاوانەدا، توانای ئەوەیان هەیە کە دەستیان بگاتە ئەو شوێنە عەقڵانیە پەنهانە و چەردەیەک لە بیرۆکە و تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەوتۆ بەرهەمبێنن کە بە هزری هیچ کام لە سیاسەتوانانی تری هەمان کۆمەڵگادا نەهاتووە. ئەمە گەورەترین خاڵی تایبەتمەندی ئەو تەرزەیە لە سیاسەتوانان کە بەوە دەناسرێن توانای ئەوەیان هەبێت لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و فکریاندا بۆ گۆڕاوە سیاسیەکان هەمیشە پێش زەمەنەکەیان بکەون. لێرەوە دەتوانین بڵێین گەورەترین خاڵی جیاکەرەوەی نێوان سیاسەتوانی داهێنەر و سیاسەتوانی تەقلیدی ئەو وزە عەقڵانییەیە کە بە (خەیاڵی سیاسی) ناسراوە، نەک گوتار و دروشمی سیاسی کە زۆرجار دەشێ هەڵخەڵەتێنەر بن. دەبێ ئەو ڕاستییە مێژووییە بەهەند وەربگرین کە هەمیشە قۆناغە گرنگەکانی گۆڕانکاریی

سیاسی یەکلاکەرەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەیوەستبووە بە بوون و ڕۆڵی کاریگەرانەی ئەو بیرمەند و سەرکردە و کارەکتەرە سیاسیانەوە کە توانای تێپەڕاندنی سیستمی تێگەیشتن و مامەڵەکردنی گۆڕاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە باوەکانیان هەبووە و خەیاڵی سیاسییان توانای دۆزینەوەو دەستەبەرکردنی فۆرمی نوێ و شێوازی تریان هەبووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرکەوتە سیاسیەکاندا، تاڕادەی موفاجەئەکردنی کۆمەڵگا بە چەمک و تێگەیشتنی تازە و جیاواز لە تێگەیشتنە تەقلیدییەکان، کەلەزۆر حاڵەتدا بەو حوکمەی کۆی ئەم پرۆسە نوێیە لەسەر ئاستی واقیع دژ بە ستراتیجی ئیشکردن و سیستمی تەقلیدیی تێگەیشتن دەوەستێت، جۆرێک لە ناڕازیبوون و تەنانەت بەرەنگاربوونەوەشیان تووش بووە، کە لەباشترین حاڵەتدا وەک دیاردەیەک ببینرێت کە سەرتاپای لە نهێنی و ڕەگەزی موفاجەئەوە خۆی پێچابێت.

لەڕاستیدا کێشەی سیاسەتوانی تەقلیدی بەپلەی یەکەم کێشەی نەبوونی (خەیاڵی سیاسی)یە لە فیکر و تێگەیشتنیدا، نەک کێشەی نەبوونی چەمکی نوێ و دروشمی سەردەمیانە. نەبوونی ئەم وزەی خەیاڵەیە کە سیاسەتوانی تەقلیدی واڵێدەکات ئەگەرچی بەردەوام لەبەردەم چەمک و دەرکەوتەی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا ڕاببگرێن، مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا بەهەمان ئەو میکانیزمە کۆنە دەبێت کە لەگەڵ چەمک و دەرکەوتە کۆنەکاندا ئەنجامی داوە، واتە کێشەی ئەم بوونەوەرە سیاسییە لە سیستمی تێگەیشتندا لەبنەڕەتدا بڕوانەبوونە بەوەی لەدەرەوەی جوگرافیای بەرجەستەی سیاسیدا شوێنێک هەبێت شتگەلێکی جیاواز یان نوێی تیابێت و ئەوە لە عەقڵی بنیادەم بخوازێت کە بەرزببێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر و بەهۆی وزەی (خەیاڵی سیاسی) یەوە بتوانێ دەستی بگاتە ئەو فەزایەو کەشفی مەعریفە شاراوەکانی بکات و ئەوەی کە لەگەڵ زەمینە و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمەکەی ئەمدا دەگونجێت تەوزیفی فیکری خۆی بکات لە پرۆسەی خوێندنەوەو تێگەیشتن و تەفسیرکردنی گۆڕاوە سیاسییەکاندا تا بتوانێ بەدیوێکدا لەدەرەوەی سیستمی تێگەیشتن و مەعریفەی باو مامەڵە لەگەڵ چەمک و دەرکەوتەکاندا بکات و بەدیوێکی تریشدا جۆرێک لە داهێنان لەکایەی ئیشی خۆیدا بکات. تا بەم پێیە لەبری وەزیفەی تەفسیرکردنی تەفسیرکراو و ناساندنی ناسراو و وەدەستهێنانی وەدەستهێنراوەوە بتوانێت میکانیزمی ئیشکردنی خۆی بگوازێتەوە بۆ سروشتی تەفسیرکردنی تەفسیرنەکراو و ناسینی نەناسراو و وەدەستهێنانی وەدەستنەهاتووەوە، کە ئەمە سیفەتی سیاسەتوانی داهێنەر و ناتەقلیدییە.

ئەم قسانە بەو مانایە نایەن کە سیاسەتوانی تەقلیدی هیچ جۆرە خەیاڵێکی سیاسییانە شک نەبات، بەڵکو بەو مانایەیە کە ئەو جۆرە خەیاڵەی ئەم، هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستە باڵا فیکری و عەقڵانیەی توانای سنووربەزاندنی سیستمی باوی تێگەیشتن و دەرچوون لە جوگرافیای دەرکەوتە بەرجەستەکانی واقیعی سیاسیی نێو کۆمەڵگەی خۆی هەبێت. واتە (خەیاڵی سیاسی) لای سیاسەتوانی تەقلیدی هەر هەمان ئەو سیستمە مەعریفییەیە کە دەستەبەریکردووە و تەفسیری دنیا و گۆڕاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێدەکات. واتە ئەم بوونەوەرە سیاسییە زیاتر کۆیلەی تێگەیشتن و تەفسیرەکانی خۆیەتی و لەنێویاندا بەندکراوە، بەمانایەکی تر بڵێین کۆیلەی (خەیاڵی سیاسیی) خۆیەتی، ئەمەش خاڵی جیاکردنەوەی نێوان (خەیاڵی سیاسیی داهێنەرانە) و (خەیاڵی سیاسیی تەقلیدی)یە. چونکە لەکاتێکدا سیاسەتوانی تەقلیدی خەیاڵە سیاسییەکەی خۆی دەکاتە زیندان و تێیدا بەند دەبێت، سیاسەتوانی داهێنەر لەمیانەی خەیاڵی سیاسییەوە فراوانترین فەزای ئازاد بۆ فیکر و هزری خۆی دەستەبەر دەکات، خەیاڵێک کە بەخۆشی سنووری نییە و هەمیشە لە فراوانبووندایە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ڕێمان کە مانەوە و بەندبوونی سیاسەتوانی تەقلیدی لەنێو ئەو سیستمە مەعریفییە چەقبەستووەدا، ئایا بەهۆی ناتوانایییەوەیەتی لە دەستەبەرکردنی ئەو وزە فیکری و عەقڵانییەی کە کەفیلی دەرچوونێتی لە (زیندانی) خەیاڵە سیاسییەکەی خۆی؟ یان سروشتی ئەو خەیاڵە سیاسییەیە کە لە فۆرمی زیندانێکدایە و پەیوەستە بە ئایدۆلۆجیا و کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیستمی مۆراڵی و فەرهەنگیی کۆمەڵگاکەیەوە؟ ئەگەرچی هەموو ئەم فاکتەرانەی دووەم گریمانە دەشێ تا ڕادەیەک ڕۆڵی خۆیان هەبێت، بەڵام بەبڕوای من گریمانەی یەکەم واتە فاکتەری سەرەکی لەخوڵقانی ئەم زیندانەدا خودی سیاسەتوانی تەقلیدی خۆیەتی، ئەمەش پەیوەستە بە بونیادی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەسایەتیی ئەم کارەکتەرە سیاسییەوە. هەموو ئەم سێکتەرانەش پێکەوە ئاماژە بۆ ئەو مەیلە خۆپارێزانەیەی دەکەن لەهەمبەر ئەو قەناعەت و کردە سیاسییەدا کە بە (ڕیسککردن) دەناسرێت.

لەڕاستیدا (ڕیسککردنی سیاسی) بارگاویی بە شوحنەیەکی بەهێزی عەقڵانیەت و وردبینی و خوێندنەوەی دروستی واقیع و دەرهاویشتە سیاسییەکان لەگەڵ هەموو کایەکانی تری پەیوەست بە کایەی سیاسییەوە کە کاریگەریی ئەو ڕیسککردنەیان دەکەوێتە سەر، یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی سیاسەتوانی داهێنەر. چونکە پرۆسەی خەیاڵی سیاسیی بۆخۆی جۆرێکە لە ڕیسککردن و بەبێ ئامادەیی سیاسەتوان بۆ بەرکەوتن بەم ڕێگا شاراوەیە مەحاڵە مەیلێکی ئەوتۆی هەبێت بۆ سنووربەزاندنی دنیا و واقیعی خۆی و کۆمەڵگەکەی بەبیانووی کەشفکردنی ئاسۆتر و فەزای نوێی فیکری و عەقڵانی لەهزری سیاسیی خۆیدا.

لەهەموو بارێکیشدا نابێ ئەوەمان لەیادچێ کە لەدەرەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتن و مامەڵەکردنی (عەقڵانی) هەموو خەیاڵێکی سیاسیی دەبێتە جۆرێک لە وەهمی سیاسیی، ئەگەر نەڵێین خڵەفانی سیاسییانە و هەموو ڕیسکێکی سیاسیش دەبێتە جۆرێک لە گرەوی دۆڕاو ئەگەر نەڵێین خۆکوشتنی سیاسییانە.

سیاسەتوانی تەقلیدی ئەگەرچی هەمیشە خۆی پاراستووە لەهەرجۆرە ڕیسککردن و خەیاڵێکی دەرەوەی تەقلید، بەڵام بۆ دنیایەکی وەک ئەم سەردەمەو کۆمەڵگاکانی کە مەیلێکی زۆریان هەیە بۆ دەرچوون لە زیندانە باوەکانی فیکری سیاسیی باو، ئەوەی ئەم بوونەوەرە سیاسییە پیادەی دەکات نغرۆبوونێتی لەنێو نامۆبوونێکی گەورەدا، نامۆبوون بە ڕۆحی سەردەم و کۆمەڵگاکەی، نامۆبوونێک کە زیاتر بە مردنێکی هێواش دەچێت.

# خەرتووم و جووبا..

## نیمچە ڕێکەوتنێک لە ژێر هەڕەشەگەلێکی هەڵپەسێردراودا

گوڵان- قاهیرە/ ئەسما حوسێنی



کاردانەوەی هێزە سیاسییەکان وکەرتەکانی میللی لە سودان جیاوازە لەنێوان لایەنگرو بەرهەڵستکارو بەرپارێز سەبارەت بەو نیمچە ڕێکەوتنەی کەلەنێوان خەرتووم و جووبادا مۆر کرا،کە بەشێوەیەکی سەرەکی تایبەتە بە کێشەکانی پترۆڵ و دانانی ناوچەیەکی سنووری لەچەکداماڵراوی نێوان هەردوو وڵات،ئەو هیوایەی کە گەلانی هەردوولا زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان دەکرد،دوای چەندین مانگ لە مەینەتی ونائومێدی کە هەموو کایەکانی ژیانی لە هەردوو وڵات گرتبۆوە، بە شێوەیەك کە پترۆل داهاتی سەرەکی هەردوولایە،ئەو مەینەتییەش ئەو کاتە دەستی پێکرد کاتێك دەوڵەتی باشوور بەر لە ساڵێك جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند،کە بەشەکەی ٧٥٪ی تەواوی پترۆلی ئەودوو دەوڵەتیە،کە ڕۆژانە بەرهەمەکەی دەگەیشتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل،ئەو وڵاتە خۆی و خەرتوومی لە قازانجەکانی پترۆل بێ بەشکرد، دوای ئەوەی کە خەرتووم چەندین ڕەسم و باجی خستەسەر پەڕینەوەی پترۆڵ، قەیرانەکە قووڵتر بووەوە تا گەیشتە ئەوەی بەرهەمهێنان وەستا و کێڵگە نەوتییەکانیش داخران،بەمەش هەردوولا بێ نەوت بوون،ئەم قەیرانە گەیشتە ئەو پەڕی لووتکەی مەینەتی نێوان هەردوودەوڵەت لە مانگی ئادارو نیسانی ڕابردوو تا هەڵگیرسانی شەڕ لەناوچەی هجلیج کە بەپترۆل دەوڵەمەندە،کە خەریك بوو شەڕێکی سەرتاسەری لێبکەوێتەوە.

ئەم بارودۆخە شێواوەی نێوان هەردوو دەوڵەت دۆسیێی ناوبژیکردنی گەیاندە ئەنجوومەنی ئاسایش،کاتێك بڕیاری ٢٠٤٦ی دەرکرد بە سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی بەسەر ئەو لایەنەی تەگەرەدەخاتە بەردەم لابەلایکردنی ئاشتیانە، ئەوەش بووە هۆی ناچاربوونی هەردوو سەرۆکی باکوور عومەر ئەلبەشیر و باشوور سلفاکیر میاردیت کە بەر لە چەند ڕۆژێك ڕێکەوتنێك لە پایتەختی ئەسیوبیا مۆر بکەن،ڕێکەوتنەکە بریتی بوو لە ڕێکاریی ئەمنی وگرفتەکانی دوای جیابوونەوە،هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات،ئیدریس عەبدولقادر سەرۆکی شاندی دانوستکاری سودان گوتی: ڕێکەوتنەکان میکانیزمی جێبەجێکردنی کێشەکان دەگرێتەوە بە ڕێگەی ئاشتیانە،هەروەها تەواوکردنی دانووستانەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەماوەی ٤٠ ڕۆژدا.

عەبدولرەحیم محەمەد حسێن وەزیری بەرگریی سودان و سەرۆکی لیژنەی سیاسی وسەربازی ئەمنی ڕێکەوتنەکەی بە خاڵێکی گرنگ لە مێژووی کاروانی پێوەندییەکانی باشوری سودان لە قەڵەمدا،ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەم ڕێکەوتنە پرسەکانی نەوت و ئابووری و بازرگانی و سنوور و هاتوچۆی هاووڵاتیان دەگرێتەوە.

دیارە پرسی پترۆل لە هەموو پرسەکانی دیکە گرنگتر بوون بەڵام گرفتەکانی دیکە زۆر ئاڵۆزن هەروا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن،لە ڕاستیشدا وابوو ئەو ڕێکەوتەی ئیمزاکرا هەنگاوێکی گرنگ بوو ئەگەرنا کارەکە لە کۆنترۆل دەردەچوو بە تایبەتیش دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە هجلیج، بەڵام هەر جێگەی مەترسییە کە ئەم ڕێکەوتنە هەڵوەشێتەوە یان سەرپێچی تێدا بکرێت بەتایبەتیش لەژێر کاریگەریی توندڕەوەکاندا،کەهەندێکیان حەز بەم ڕێکەوتنە ناکەن و نایانەوێت ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێت،هەروەها شرۆڤەکاری سیاسیی باشوور (شول تون ملوال) بەرامبەر ئەم ڕێکەوتنە ڕەشبینە،دەڵێت : ئەوانەی پێی گەشبینن بەرەوڕووی چەند ڕاستییەکی تاڵ دەبنەوە،ئەو ڕێکەوتنە وەڵامێکی پرسە گرنگەکەی نەداوەتەوە کە بریتییە لە ناوچەی ئەبیەی وناوچەکانی دیکەی کێشەلەسەر،ئەو وای دەبینێت کە شەیتان خزاوەتە ناو وردەکارییەکانیەوەو ڕەنگە تەنیا گوللەیەك ئەم ڕێکەوتنامەیە هەڵوەشێنێتەوە کە لە تفەنگی سەربازێکەوە بتەقێندرێت، هاوکات ئاماژە بە نەبوونی متمانە دەکات لە نێوان هەردوو ڕژێمی جووبا و خەرتووم.



مەحجوب محەمەد ساڵح:

**هەڵوێستی قەیرانی ئابووری نێوان هەردوو وڵات، هەردوو ڕژێمەکە ناچار دەکات بە ڕێکەوتنەکەوە پابەندبن**

بەڵام نووسەری سودانی دکتۆر خالد ئەلتیجانی ئەلنور وای دەبینێت کە ڕێکەوتنەکە بە ئاسانی ڕێگەخۆش دەکات ئەگەر هەردوولا پابەندبن بە گێڕانەوەی پێوەندییەکانیان و بەرژەوەندیی هەردوولاش مسۆگەرو فەراهەم دەکات،هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕێکەوتنەکە ئاماژەیەکە بۆ خاڵێکی گرنگ کە بریتییە لە گەڕاندنەوەی هۆشیاری و ویستی سیاسی لەلای سەرکردایەتیی هەردوولا،بەڵام لەهەمان کاتدا پرسیار دەکات، تۆ بڵێی ئەم ڕێکەوتنە لەبەردەم فشاری ناوخۆو هەندێك لایەنی دەرەوەدا خۆی بگرێت وسەرکەوتن مسۆگەر بکات یان وەکو ڕێکەوتنەکانی پێشووتر هەرەس دێنێت و بە ئاکام ناگات؟بۆیە گەشبینییەکە بە سەرگرتنی ڕێکەوتنەکە لە ئەنجامی ئەزموونی پێشترە هەروەها هەرەس هێنان وبێ ئاکام بوونیشی بەهەمان شێوە،چونکە زۆر جار بینراوە کە چەندین ڕێکەوتن مۆرکراوە،بەڵام سیاسەتی سودان بێ بایەخی کردوون،


ئەلتیجانی وای دەبینێت کە لەگەڵ هەموو هیوایەك کە ڕێکەوتنی ئەدیس ئەبابا بەخشیویەتی، پێویستی زیاتر بە پەندو عیبرەت وەرگرتنە لەرابردوو زیاتر لەوەی بکرێتە ڕێورەسم و ئاهەنگی بۆ ساز بکرێت.

هاوکات وردبوونەوە لەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە بە قووڵی لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ دەربازکردنی وڵات لەو قەیرانە نیشتمانییەی تێیکەوتووە،ڕەنگەهەندێ لایەن پێی وابێت کە ڕێکەوتنی جووبا و خەرتووم بە تەواوی شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێ دێنێت کە لە دارفۆرەوە تا نیلی ئەزرەق درێژدەبێتەوە ودواتر بەرەو کردڤان دەکشێت، ئەوا پێویستە بزانن کە ئەوەیان لەروانگەی ئەمنی و سەربازییەوە سەرچاوەدەگرێت کە وا پێویست دەکات تیمی چاودێری دابنرێت و ناوچەیەکی بێلایەن بەسە بۆ ئەوەی هەموو جووڵانەوەیەکی یاخیبوون بەربەست بکات،ڕەنگە لە ڕووی تیۆرەوە پەسند بێت بەڵام ئەوەیان پرسێکی سەربازیی نییە بەڵکوسیاسییە.لەبەر ئەوەی دابەشکردنی سودان لەسەر مێزی دانوستان ئەنجامدرا نەك لەگۆڕەپانی شەڕ.

لەلای خۆشیەوە دکتۆر ئەلشەفیع خزر سەرکردە لە حزبی شیوعی سودان پێی وایە کە ڕێکەوتنەکە دوو کێشەی بنەڕەتی زۆر ئاڵۆزی چارەسەر نەکردووە کە لە لووتکەی ئەولەویاتەوە دێن، ئەوانیش ئەبیەی و سنوورە،لە جیاتی ئەمە ڕێکەوتنەکە بایەخی بەهەندێ وردەکاری دیکەداوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دووکێشەیە نین، بەڵام بەهەرحاڵ هەنگاوێکە

ئاگری شــەڕو پێکدادانی نێــوان هەردوولا، لاپەڕەیەکی تازەش لەبەردەم ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکان بــۆ بەرژەوەندیـــی هەردووگەل والادەکات،دووپاتیشی دەکاتەوە کە بە دانووستان و گفتوگۆ نەك بە شــەڕ وپێکدادان دەتوانرێت بگەنــە ڕێگەچارەی گونجاو و هەمووکێشــە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکرێن، کاردانەوەی جەمـــاوەر بەرامبەر ڕێکەوتنەکــە تا رادەیەك ئیجابـــی بوو، ئەوان هیـــوا دەخوازن مەینەتی ژیانی رۆژانەیان لەسەر سووك بێت لەولاتێکدا کە هەلاوسان و تێکچوونی شیرازەی ئابووری تاوی بۆ هێناون،هەرچەندە ڕێکەوتنەکە لەژێر گوشـــارو هەڕەشـــەی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی هاتەئاراوە، بەلام ئەزموون ئەوە دەســـەلمێنێت کە هەر ڕێکەوتنێك بە گوشـــاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی بێتەئـــاراوە، هەمیشـــە لەکاتی جێبەجێکردنیدا دەگاتە لێـــواری تەقینەوەو لە ئاکامدا هەرەسی پێدێنێت.

ئەلشەفیع خزر زیاتر دەڵێت: ڕێکەوتنەکە پەردەی لەوە هەڵمالی کە دیمەنی سیاســـی لە ســـودان دوای مۆرکردنی،ناکۆکییەکـــی زۆری بەخۆوە بینی،کە گەیشتە ئاســـتی تانەوتەشەڕ لەسەر بالاترین ئاستدا، ئەوانەی شـــەڕخوازن هەردەم لە ڕوانگەی خۆپەرســـتی ورەگەزپەرســـتییەوە دژی ڕێکەوتنەکەن و ڕەتی دەکەنەوە،ئەوانەیشی پشـــتیوانیی لێدەکەن دوژمنی شـــەڕنین بەلام زیاتر زەرەرمەندی ئاســـەواری شەڕن،لەلایەکی دیکەوە جیاوازیی نێـــوان کاردانەوە لە جووبا و



ئەلشەفیع خزر:

## دەربازبوون لە بارگرانیی ڕێکەوتنەکان بە دابینکردنی دیموکراسیەت و کۆتایی هێنان بە شەڕو گەندەڵی دەست پێ دەکات

کاردانەوە لە خەرتووم ئاوا بەســـادەو ســـاکاری نایەتەبەرچاو، حکومەتی ســـودان کە بەدەست قەیرانی دارایی وسیاســـییەوە دەناڵێنێت باکی بەوەنییە کە کە لایەنە باشـــەکانی ڕێکەوتنەکە قەبە بکات و وای لێکبداتەوە کە دەستکەوتێکی بـــێ هاوتایە، دیارە دەیەوێت ئەوە بســـەلمێنێت کە لەلایەن جەماوەرەوە پشـــتگیری لێدەکرێت و لەکۆڵ گوشاری نێودەوڵەتی بووەوە بەتایبەتیش کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێکرا،بەلام لە دەوڵەتی تازە پێکهاتووی باشـــووردا کاردانەوەیەکی توند ئامـــاژە بەوە دەکات کە ئەم کارە پێویســـتی بە هەڵســـەنگاندنەوەیەکی دیکە هەیە بە تایبەتی لەڕووی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەسەر ئاســـتی میللی زیاتـــر لـــە فەرمی،هەروەها ئاماژە بـــەوە دەکات کە وەســـتانی شـــەڕ لە باشـــووری نیل ئەزرەق و باشـــووری کردفان و گەیشتن بە ڕێگەچارە کە هەموو جوولانەوەکان لـــە دارفـــۆر بگرێتەوە،کارێکـــە گاڵتـــەی پێناکرێت،یـــان بخرێتە ژێرباری کەشـــوهەوای هەڵبژاردنەکانـــی ئەمریکاوە،چونکە روانین لە گۆشەنیگای قەدەغەکردنی حکومەتی باشوور لە پشـــتیوانی کردن لە جوولانەوە چەکدارەکان یان لەگۆشـــەنیگای جوودابوونـــەوە لە کەرتی باکوور،تەنیا گرژیی زیاتری لێدەکەوێتەوە،بۆیە پێویستە هەموولایەك لە روانگەی ئەوەوە سەیری ئەم پرسە بکەن کە سودان و ئازادیی بۆ هەموان ببێتە ناونیشانی راستەقینەی پرسەکە.

رۆژنامەنووسی ســـودانی مەحجوب محەمەد ســـاڵحیش پێی وایە کە هەندێك هەلومەرجی بابەتی وا لەخەڵکانێـــك دەکات پێیان وایە کە هـــەردوولا بەجێبەجێکردنـــی ڕێکەوتنی ئەم جـــارەوە پابەنددەبن زیاتر لـــە ڕێکەوتنەکانی پێشـــتر کە هیـــچ ئاکامێکی لەســـەر ئەرزی واقیع لێنەدەکەوتەوە،ئەوانەی گەشـــبینن وای دەبینن کە چەند گۆڕانکارییەك وا لە هەردوولا دەکات، کە پابەندبن بەجێبەجێکردنییەوە، یەکەم: هەڵوێستی گرژیی ئابووری لە هەردوو ولاتەکە بارگرانییەکی زۆری خســـتۆتە ســـەر شانی هاوولاتیان،هەردوو حکومەتیش چاك دەزانن کە تووڕەبوونی سیاســـی و کۆمەلایەتی بەرامبەر قەیرانـــی دارایی و تەقینـــەوەی تووڕەییەکە تەحەدییەکی راســـتەقینەبوو بەرامبەر هەردوو رژێـــم، دووەم: ئـــەم ڕێکەوتنامانە لە ئاکامی گوشـــاری بەهێـــز هاتنەئـــاراوە لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانـــەوە بە تایبەتیش لـــە یەکێتیی ئەفریقیـــا، هەروەهـــا گوشـــاری نێودەوڵەتی بە ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاســـایش، تا هەڕەشـــەکان گەیشـــتە ئەوەی دانووستانەکان هەرەس بێنن .

وێرای راســـتیی ئەم شـــرۆڤەکردنە مەحجوب محمد سالح پێی وایە کە سودان هەمیشە توانای ئەوەی دەبێت ئیدارەی قەیرانەکان بکات، بەلام چاودێریـــی نێودەوڵەتی و هەرێمی کاردانەوەی دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە، بۆیە ڕێکەوتنامـــەکان گۆڕانکاریـــی رادیکاڵی لە پێوەندیی هەردوو ولات دێننەئاراوە،لەقۆناغی شـــەڕو پێکدادانەوە دێتە نێو چوارگۆشـــەی هاوکاری و پێوەندیی دراوسێیەتی شان بەشانی جێبەجێکردنـــی تـــەواوی ڕێکەوتنەکە،بەلام پێویستە ڕەچاوی ئەو پرس و کێشە مەترسیدارانە بکرێت وچارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.کەخۆی لە کێشەکانی سەرسنووردا دەبینێتەوە، لەکۆتاییدا دەڵێـــت: پیشـــەیی یاســـاو پرۆتۆکۆلـــەکان یارمەتیمـــان نادات نە کێشـــەی ئەبیەی و نە کێشەی سنوور چارەســـەر بێت،بۆیە پێویستە دانووســـتکاران بۆچوونێکی تازەیان هەبێت و بەدوای چارەســـەر و سیاســـەتی تەواوکاریدا بگەڕێن بۆ ئەوناوچانە، هاوکات بەرژەوەندیی هۆزەکان ڕەچاوبکرێـــت بەرنامەیەکی چڕوپڕ دابڕێژرێت بۆ پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری وهێنانەکایەی گەشەســـەندنێکی بەردەوام بۆ خەڵکی ناوچەکە،هەروەها ئەو کەشـــوهەوایەی کەپێویســـتە دەســـتەبەربکرێت کە یەکەم جار بۆگۆڕانکارییەکـــی ڕیشـــەیی بێـــت ئینجا جێبەجێکردنی دوا ڕێکەوتن کە تاقیکردنەوەیەکە بۆ راستی و متمانەی هەردوولا.



شول تون ملوال:

## ڕێکەوتنەکە بەرەورووی راستییە تاڵەکان دەبێتەوە و ڕەنگە گوللەیەک بیتەقێنێتەوە

# شەریعەت و کرانەوەی ئاینیی

زۆر گرنگــە جیاوازیی نێوان شــەریعەت و فیقە بزانین، چونکە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە زۆرێك لە خەڵك و هەندێکیش لە کەســانی بواری نووســین و فیکر و رۆشــنبیریی، هەتا ئێستاش فیقە بە شەریعەت تێدەگەن.

شــەریعەت قورئان و سوننەتی راستە، بەڵام فیقە، تێروانینی عەقڵە لەســەر بۆچوون بینا دەکرێــت بۆ دەرهێنانی حوکمێــك لە قورئان و سوننەت.

شەریعەت کۆمەڵێك بنەما و حوکمی گشتین، بــەڵام فیقە کۆمەڵێك حوکمــی تایبەتن و بە گۆڕانی کات و شوێن و کەسەکان دەگۆڕێن.

شەریعەت بۆ هەموو زەمان و شوێنێك دەست دەدات، بەڵام فیقە بۆ هەموو زەمان و شوێنێك و هەموو کەسێك دەست نادات شەریعەت دەقە، بەڵام فیقە دەربڕینێکە لــە دەرئەنجامی کارلێکردنی نێوان هەرسێ رەهەندی (موجتەهید) و (شوێن و کات) و (دەق).

شــەریعەت — بۆ ئاسانکاریی و وەك نموونە — وەك تۆپە قوماشی لای کوتاڵ فرۆشەکانە، بەهەموو رەنگ و درێژیی و پانیی و گونجاو بۆ هەموو وەرز و زەوق و قەبارەیەکە، خەڵك، هەموو خەڵك، دێن و بەشــی خۆیانی لێ دەکەنەوە و لێ دەبــڕن، بەپێی باڵا و قەبــارە و تەمەن و پیشــە و پێگە و وەرزیی ســاڵ و ..تاد، بەڵام فیقــە وەك جلوبەرگی حــارز و دووراوە بەپێی ژمــارەی دیاریکراو کە تەنها بۆ ئەو کەســانە دەبێت قەبارەیان وەك ئەو ژمارەیەی ســەر ئەو جلوبەرگە ئامادە و دوراوەیە.

شەریعەت وەك مادده بنچینییەکانی خواردنە کە دەتوانێت دەیــان خواردنی جۆراوجۆری لێ دروســت بکەیت، بەڵام فیقە، جۆرێك خواردنی دروستکراوە لەو مادە سەرەکییانە.

شــەریعەت ســەرچاوەیە، فیقە لقێکە لێی، شــەریعەت یەکە، بەڵام فیقە زۆرن، شەریعەت شــارێگەیە، فیقــە رێچکەیــە، شــەریعەت بەرنامەیە، فیقە پێڕەوە.

ئــەوەی ئەمرۆ گومانی لە شــەریعەتە لە راســتیدا گومانی لە فیقهە، بەڵام جیاوازیی نێوانیان نازانێت.

ئیتــر ئەوە موســڵمانانی پــاش ئەوان کە ناتوانــن نوێبوونەوە ئەنجام بــدەن و، لە هەمان شــەریعەتەوە، فیقهی نوێ دابهێنن و کارەکەی ئەوانیش نوێ بکەنەوە، نوێکردنەوەش ئەرکێکی هاوبەشی هەمووانە نەك ئەرکی تەنها زانایەك یان فەقیهێکی تاك، هەروەك (ئیبنول ئەســیر) لە (جامع الاصول)دا دەڵێت: (والجدید لاینحصر فی عالم أو فقیه فرد).

بۆیــە وەك لە بواری ژینگە و باســکردنی پێکهێنەرەکانیدا باس لــە یەك جیهان دەکرێت، چونکە ئاو و هەوای جیهان سنوور لەیەکتریان جیا ناکاتەوە، بەسەر گۆی زەویدا دەسوڕێنەوە.

لەبــواری فیکریی مرۆڤیشــدا، مرۆڤەکان لەیەکتر وەردەگرن و، بە جۆرێك دەستکاریی تێدا دەکەن کە خاوەنی یەکەمی نەیناسێتەوە.

رۆژئــاوا شــتی زۆری لــە رۆژهەڵاتی ئیســلامیی وەگرت و، لەســەر خاکی خۆیدا پیادەی کرد و، گەشــەی پێدا و ئێســتا لەژێر زۆر ناوی جیاجیادا بۆمان دەنێرێتەوە.

موسڵمانانی سەردەمی پێش ئێمە کراوەتربوون لــە ئێمــە، چونکــە نەترســاون و متمانەیان بەخۆیان هەبووە و، عەقڵیان خســتۆتە کار بە بەردەوامیی.

(جان توشار) لە (مێژووی فیکری سیاسی) دا ئاماژە بەوە دەدات کە رۆژئاوا زۆر شتی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیی ئەوسا وەرگرتووە، بەڵام دواتر جیهانی ئیسلامیی دەکەونە دوو هەڵەوە:- یەکەمیــان: بــەردەوام نابن لەســەر داهێنان و پێشــەنگ بوون. دووەمیان: بەرهەمی فیکرە چاکەکانی خۆیان کە رۆژئاوا دەیکاتە میکانیزم بۆ پێشکەوتن، وەرناگرنەوە کە هی ئەوروپا نییە بەڵکو هی خۆیانە و ئەوان گەشەیان پێداوە.

بۆیە لە هەموو سەردەمێکدا بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامەوە ئەزموونەکان ئاڵوگۆڕ دەبن و گەلان ســوود لەیەکتر وەردەگرن، ئێمە نابێت وابزانین کە بە باســکردنی شتە باشەکانی هەر گەلێك، ئیتــر ئێمە ببین بەوان، نەخێــر چونکە هەموو گەلێك، نەتەوەیەکی خاوەن ئاینێك ناســنامەی خۆی هەیە کە لە خەڵکیتــری جیا دەکاتەوە، بەڵام خاڵی هاوبەشــیش هەیە کە خەڵکیتری نزیك دەکاتەوە، لەناو خۆشــدا بە هەمان شــێوە بیــر و بۆچوونی واهەیە کــە زیانی زۆرتری بە موســڵمانان گەیانــدووە، وەك لەو زیانەی کــە فیکرێکی دەرەوەی جیهانی ئیســلامیی گەیاندوویەتی بە موسڵمانان، وەك زیانی گشت ئەو گرووپ و تاقمانەی کە بەناوی ئیســلام و بە ئایەت و فەرموودەوە لە کۆن و نوێدا، بیری ترســناك و کرداری ناپەسەندیان سەپاند بەسەر خەڵکدا.

بۆیە ئێمەی موســڵمان دەبێت لە دژی هەر فیکرێکــی زیانبەخش بین لە ناوەوە دروســت بووبێت یان لە دەرەوە.

**لەناو خۆشدا بیر و بۆچوونی واهەیە کە زیانی زۆرتری بە موسڵمانان گەیاندووە، وەک لەو زیانەی کە فیکرێکی دەرەوەی جیهانی ئیسلامیی گەیاندوویەتی بە موسڵمانان، وەک زیانی گشت ئەو گرووپ و تاقمانەی کە بەناوی ئیسلام و بە ئایەت و فەرموودەوە لە کۆن و نوێدا، بیری ترسناک و کرداری ناپەسەندیان سەپاند بەسەر خەڵکدا**


عەبدولڕەحمان سدیق

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**